# پوختەیەك دەربارەی شارستانیەتی بابل لەسەردەمی کاشیەکان(1595-1157پ.ز)

## ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە نامەی ماستەر

**پ.د.أحمد میرزا[١]، کیفی بیرداود عمر[١]**

١ بەشی مێژوو، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ڕێکەوتی وەرگرتن: 10 تشرینی یەکەم ٢٠١٩، پەسەندکردن: 27 تشرینی یەکەم ٢٠١٩، بڵاوکردنەوە: ٢٥ کانونی یەکەم ٢٠١٩**

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ پ.د.أحمد میرزا، کیفی بیرداود عمر

## ملخص البحث

يعتبر الكاشيون من أهم قوميات جبال زاكروس، و كانت سلطتهم على بابل إمتدت لاربعة قرون (1157-1595ق.م) حيث شهدت بابل تطورا كبيرا في جميع النواحي (السيا سية، الحضارية) و ذالك لكونهم ينتهجون سيا سة معتدلة بين الناس و أبرموا اتفاقيات ســلام مع اطراف قوية. كانت بابل في زمن كاشــيين في نهضــة تطور في جميع النواحي (الاجتماعية والاقتصادية و الثقافية و الادبية و الدينية). حيث تعتبر هذه تطورات احد ابرز اسباب بقاء حضارة الكاشية حتى وقتنا الحاضر..

يتكون محور البحث من أربعة مطالب، المطلب الاول: يتحدث عن العلم و المعلومات عند الكاشـيين، المطلب الثاني: يلقي الضـوء على المعتقدات الدينية عند الكاشـيين و دور المعابد في التطور، المطلب الثالث: نتحدث عن اهمية المجال الاداري و الاقتصادي، واخر مطلب: نتحدث عن الفن عند الكاشيين.

## Abstract

The (KASSITS) are one of the most important inhabitants of the Zagros Mountains, and they ruled Babylon for more than four centuries (1595-1157 BC), And they have been able to score great victories inside and outside of Babylon because of the tolerant policy with people inside and the peace agreements with strong neighboring forces.

Although the Babylonian civilization was advanced, it witnessed more development in the era of (KASSITS), in all aspects of social, economic and religious, and also artistic and literary, and this is what made the memory of the Kashmiris remain immortal until now that is why the memory of the (KASSITS) remains immortal until now.

The research consists of four topics, which discuss the scientific and religious beliefs, administrative, economic and technical aspects of the (KASSITS), with a summary of the research, introduction, summary, and list of sources and references.

## پێشەکی:

بە پێ ی زانیارییەکان هەزارەی دووەمی پێش زایین پڕ بوو لە ڕووداوو گۆڕانکاری لە لایەکانی سـیاسـی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیری. ئەم ڕووداوو گۆڕانکاریانەش کاریگەرییەکی گەورە و بەرچاوی هەبوو لەسـەر گۆڕەپانی سیاسـی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن، بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمی هەزارەدا، کە تیایدا کۆچی ئەو نەتەوانە دەسـتی پێ کرد کە پاشـان ناسـران بە نەتەوەکانی (هیندۆ- ئەوروپی) بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و کاریگەری زۆری هەبوو لە سەر ناوچەکان.

هەروەها ملمڵانێ و گۆڕانکاری گەورە هاتە کایەوە لەلایەنی سـیاسـی و شـارسـتانی لە نێوان زلهێزەکانی ئەو سـەردەمەدا. لە بابل کاشـیەکان توانیان سـوود لە لاوازی بنەماڵەی یەکەمی بابلی وەربگرن، بناغەیەکی پتەو درێژ بۆ دەوڵەتەکەیان دابمەزرێنن کە خۆیان ناویان نا بوو کاردوونیاش (kar- duniash)، بەڵام دواتر لەلایەن مێژوونوسـانەوە بە (بنەماڵەی بابلی سێیەم) ناسێنرا. بۆماوەی زیاتر لە چوارسەدە توانیان بەردەوام بن لە فەرمانڕەوایەتی کردن.

سـەردەمی کاشـیەکان بە ئارامی و سـەقامگیری دادەنرێت هەربۆیە دەتوانین بڵێین کاتێك بوار بۆ سـەرهەڵدانی شـارسـتانیەت دەرەخسـێت، کە پشـێوی و ئارامی کۆتایی هاتبێت، چونکە لە کاتی نەبوونی ترس بیری مرۆڤ و پێداویستی بە داهێنانەکان چالاکتر دەبێت.

گرینگی لێکۆڵینەوەکە: لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەڵدە ستێ بە خستنەڕووی پوختەیەك لە شارستانیەتی بابل و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەردەمی کاشیەکان دا ڕوویداوە لەماوەی فەرمانڕەوایەتیاندا.

ئامانجی لێکۆلینەوەکە: بریتی یە لە دەرخستنی شارستانیەتی کاشیەکان و تیشك خستنە سەر داهێنانەکانیان، کە لە سەرچاوەکاندا بەکەمی ئاماژە بە شوێنەوار و مێژووییان دراوە، لەبەر ئەوەی بە نەتەوەیەکی چیا نشینی زاگرۆس و داگیرکەر ناسراون، کە فەرمانڕەوایەتیان کردووە لە بابل.

پلانی لێکۆلینەوەکە: بریتی یە لە چوار تەوەرە سەرەکی، تەوەرەی یەکەم: باسی لایەنی زانست و زانیاری کاشیەکان دەکات لە ڕووی زمان و نووسین و ئەدەب و لایەنی پزیشکی، تەوەرەی دووەم: تیشك دەخاتە سەر لایەنی بیروباوەری ئایینی و ڕۆلی پەرستگاکان، تەوەری سێیەمیش: گرینگی بە لایەنی کارگێری و ئابوری داوە وەك بابەتەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بازرگانی، تەوەرەی کۆتایی: باس لەلایەنی هونەری بیناکاری و جوانکاری سـەردیوارەکان و شـێوەکاری و مۆری لولەی کاشیەکان دەکات.

گرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە: لە گرینگترین گیروگرفت لەبەردەم ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بریتی بوو لە کەمی زانیاری دەربارەی مێژووی کاشـیەکان بەتایبەتی لە لایەنی سـیاسـی چونکە هیچ دەقێك و بەڵگەنامەیەکیان بە زمانی سەرەکی خۆیان بۆ بەجێ نەهێشتووین.

## دەروازە: کورتەیەك دەربارەی مێژووی کاشیەکان

لەڕووی جوگرافیەوە (شاری بابل )[1] گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، شوێنە ستراتیژییەکەی وای کردووە کە جێگای خواست و ویستی زۆرێك لە میللەتانی کۆن بێت، بە تایبەت لە دابین کردنی کەرستەی خاو وەکو ئاسن و دار و بەردی بەنرخ[2]. هەروەها لەڕووی بازرگانیەوە کەوتبووە سەر ڕووباری فورات، وە خاوەنی خاکێکی بە پیت و بەرەکەت بوو بۆ کشتوکاڵ کردن[3]. (ئەمە جگە لەوەی کە ببووە ناوەندێکی زانستی و ڕۆشنبیری، وە پەرستگای سەرەکی خواوەند ( مردۆخ)[4] یشی تێدابوو[5].

کاشیەکان یەکێکن لەو میللەتانەی کە لەناوچەکانی چیای زاگرۆس ژیاون، ناویان بەچەند شێوازێك هاتووە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، لەوانە (کا سۆ،کا سی،کا شی، کۆش، کا سای) بێگومان هەموو شیان مەبە ستیان کا شیە[6]. ناویان دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی بابلی (کشو) ئەسلەکەی بەتەواوی دیارنی یە لە چیەوە هاتووە، بەڵام پێ دەچێ لەم زمانەدا واتای (هێز و توانای)هەبێت، یاخود لەناوی خواوەندی نەتەوایەتی کیشیەکانەوە هاتبێت[7]. هەروەها ئەو بەڵگانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین، باسی زۆر لە ناوە کاشیانە دەکات، کە لە وەرزی دورێنە دا کاریان کردووە یان لەسەر کێڵگەکان کرێکاربوونە[8].

تا ئێستا بەتەواوەتی نەزانراوە کە ڕەچەڵەکی کاشیەکان بۆ کوێ دەگەڕێتەوە، وە هیچ بەڵگەیەك و شتێکیان بە زمانی ڕەسمی نەتەوەکەی خۆیان بۆ بە جێنەهێشتووین، بەڵکو زمانی بابلیان بەکارهێناوە[9]. تەنها چەند ووشەیەکی کەمیان لەپاش بە جێماوە[10]. زۆربەی مێژوونوسان و زانایان لەسەر ئەمە کۆکن کەوا شوێن و ڕەچەڵەکی کاشیەکان

---

(1) شاری بابل بەیەکێك لە بەناوبانگترین شارە کۆنەکانی جیهان دەژمێردرێت، دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات، نزیکەی 90کم لە باشوری پایتەختی ئێستای بغدادەوە دوورە . ناوی بابل پێکدێت لە ووشەی ( باب ئیلوم ) واتە ( دەرگای خودا )، هەروەها ناوی بابل لە دەقە سۆمەرییەکان بەم شێوازە ناوی هاتووە ( کا دینکر را) لەوانەیە ئەم ناوە بۆ زیندویەتی شاری بابل بگەڕێتەوە، لە دەقە یۆنانیەکانش بەناوی ( بابلون) و (بلاد بابل) هاتووە. قیس حاتم هانی الجنابی، تاریخ الشرق الأدنی القدیم، دار الصفاء للنشر و التوزیع، (عمان:2012)، ص 136.

2 هیا علی جاسم ال ثانی، الخلیج العربي فی عصور ما قبل تاریخ(صلات دلمون بامورو و بالاموريين)، مرکز الکتاب للنشر، (مصر: 1997)، ص 101.

3 محمد بیومی مهران، المدن الکبری فی مصر و الشرق الأدنی القدیم،ج2، دار المعرفه الجامعیه، (مصر: د.ت)، ص 201.

(4 ) مەردۆخ خواوەندی دانایی و کاردروستی و لێزانی بووە، خواوەندی شاری بابل بووە، دەگەڕێتەوە بۆ کوڕە گەورەی خواوەندی (أیا) کە پەر ستراوی نا سراوی بابل بووە، پەیکەرەکەی ناونراوە بە (أی - ساکل) وە لە گرینگترین پەیکەرەکانی خواوەندەکانی شاری بابلە، گەورە بووە بەبێ ڕکابەری وە نازناوی خواوەندی (بیل)ی بۆ دانراوە. علی شحیلات، عبدالعزیز الیاس الحمدانی، مختصر تاریخ العراق، دار الکتب العلمیه، (بیروت: 2012)، ج6، ص 133.

5 برهان الدین دلو، حضارة مصر و العراق (التاریخ الاقتصادی – الاجتماعی الثقافی و السیاسی)، ط2، الناشران: دار الفارابی،لبنان ، مکتبة السائح، (لبنان: 2014)، ص 262.

6 شاخەوان فایەق ئەلیاسی، مێژووی نەتەوە کۆنەکانی کوردستان، چابخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر: 2008)، ل 36.

7قیس حاتم هانی الجنابی، المصدر السابق، ص 142.

8 جمال رشید أحمد، ظهور الکورد فی التاریخ (دراسة شاملة عن خلفية الأمة الکوردية و مهدها)، دار ئاراس للطباعة و النشر، ط2، (اربیل: 2005)، ج1، ص ص 913-914.

9 خلیل سعید، معالم من حضارە وادی الرافدین، منشورات کلیة الاداب و العلوم الإنسانية بالدار البيضاء(2)، مطبعة النجاح الجدید،(د.م: 1984)، ص 49.

10 هـ. و. ف. ساکز، البابلیون، ت. سعید الغانمی، دار الکتاب الجید المتحدة، (لبنان: 2009)، ص 171.

دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی (چیای زاگرۆس)[11]، بەتایبەتی لە ناوچەکانی (لوڕستانی) ڕۆژهەڵات لە باشوری ئێران[12]. شوێنی سەرەکی ئەوان شاری (کرمانشان)[13] بووە، هەروەها کاشیەکان نەتەوەییەکی چیانشین بوون، لە دەورووبەری ڕووباری دیالە (سیروان)ی ئەمڕۆ لەناوچەی گەرمیان و کەلار لە کوردستانی باشوور نیشتەجێ بوون[14]. زۆرجار لەو ڕێگایەوە هێرشیان کردۆتە سەر بابلییەکان، کە ئەم ناوچەیە کراوە بوو[15].

بەپێی هەندێ بەڵگەنامەی ئابووری کە ناوی چەند کەسایەتیەکی کاشیەکانی تێداهاتووە لەسەدەی (17پ.ز)، لەماوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی بابلی یەکەمەوە چوونە ناو ووڵاتی بابل، لەئەنجامی لێکۆڵینەوە لەدەقە مسمارییەکانی سەردەمی بابلی کۆن، هەندێك لەپادشاکانی ئەم بنەماڵەیە دژایەتیان کردوون، بەتایبەتی (سمسو – ایلونا) لە سالی 1741پ.ز[16]. کە لە یەکێك لە دەقەکانی دەڵێت: (( **پادشا سمسو – ایلونا سوپای کاشیەکانی تێکشکاند**))[17]. هەروەها کورەکەشی ( ابی – ایشوح) لە (1711-1684پ.ز) دژی هەڵمەتەکانیان ڕاوەستاوە[18]. بۆیە بەرەو باکوری ڕۆژئاوا چوون، لەوێ لەناوچەی عانە (خانای کۆن) بە جیا لە قەڵەمڕەوی بابلی قەوارەیەکی سیاسیان بۆ خۆیان دامەزراند[19].

بەشێك لە کاشیەکان خاوەنی مولك و ماڵ تایبەتی بە خۆیان بووینە لەناو دەوڵەتە شارەکانی بابل، ئەمە بەیەکەم پەیوەندی نێوان کاشیەکان و بابلییەکان دادەنرێت[20]. پێش ئەوەی حیسیەکان هێرش بکەنە سەر ووڵاتی بابل، کاشیەکان چەند جارێك هەوڵی گرتنی ئەم شارەیان داوە[21]. یەکەمین هەڵمەتی گرتنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پادشایەتی گانداش کە بە دامەزرێنەری بنەماڵەکەیان دادەنرێت ، مێژوونوسان ماوەی دەسەڵاتداریەتی ئەم پادشایە دەگەڕێنەوە دەوروبەری 1741 پ.ز،کە هاوکاتە لەگەڵ حەوتەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتی لە بنەماڵەکەی[22]. هاو

(11) کێوی پیرۆزی زاگرۆس زنجیرەیەکە لە کێوی ئاراراتەوە دەست پێ دەکات لە باکورەوە بۆ باشور تا دەگاتە کێوەکانی عیلام و لەم زنجیرە کێوەدا ژمارەیەك کێوی گەورەو بەناوبانگ هەیە وەکو قەندیل و هەڵگورد...هتر. رشید شێخ عبدالرحمن، مێژووی زاگرۆس، چابخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، (هەولێر: 2001)، ل 15.

12 عبدالاله عبدالرزاق الجميلى، نتائج أعمال الصيانه و التحريات و التنقيب (فى زقورة عقرقوف)، مجلەی سومر، ج1+2، (د.م: 1971)، م27، ص 65.

(13) ناوی کرمانشان لەسەرچاوە نوێ و هاوچەرخەکانی ئێران و زۆربەی ئەوانەی ڕۆژئاوا و تەنانەت عەرەبەکانیش بە "کرمانشاه" دەنوسرێت، هەروەها دانیشتوانەکەی تا ئێستاش هەر کرماشانی پێ دەڵێن، ئەم ناوە لە ناوی یەکێك لە پادشاکانیەوە هاتووە کە ناوی (کرماژن) بووە. جەمال رە شید ئەحمەد، فەوزی ر شید، مێژووی کۆنی کورد، و.ملکۆ کەلاری ، ناوەندی رۆ شنبیری و هونەری ئەندێشە، چ3، ( سلێمانی: 2013)، ل 39.

14 شاخەوان فایەق ئەلیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل 37.

15 عامر سليمان، العراق فى التاريخ القديم (موجز التاريخ السياسى)، دار ابن الأثير للطباعة و النشر، (الموصل: 2010)، ج1، ص 200.

16 هـ.و.ف. ساكز، المصدر السابق، ص 171.

17 یوسف مجید زادە، مێژووی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا، و. سەمیر حسێن، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، (سلێمانی: 2012)، ب1، ل 427.

18 هـ.و.ف. ساكز، المصدر السابق، ص171.

19 محمود شاكر، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان، و. نهاد جلال حبيب الله، ب1، چاپەمەنی گەنج، (ب.ش: 2011)، 108.

20 جون اوتس، بابل التاريخ المصور، ت.سمير عبدالرحيم الجلبى، دار الشوؤن الثقافة العامة، (د.م: 1990)، ص 128.

21 جورج رو ، العراق القديم، ت.حسين علوان حسين، دار الشؤون الثقافية العامة، (بغداد: د.ت)، ص 329.

22 جمال رشيد، المصدر السابق، ص 915.

سەردەمی پادشای بابل (سمسو ایلونا)بوو کە دوای حامورابی دەسەڵاتی وەرگرت، توانی بەرپەچی هێرشی کاشیەکان بدانەوە و سەرکوتیان بکات، وە دووەمین هەڵمەتیان بۆ سەر وولاتی بابل لە سەردەمی پادشا ( ابی – ایشوح ) بوو لە ساڵی (1711 – 1684پ.ز) کە ئەمجارەشیان بەهەمان شێوە سەرکەوتوو نەبوون[23].

لە دەوروبەری ساڵی (1595پ.ز) حیسیەکان بە هێرشێکی لەناکاو لە ڕێگای لێوارەکانی ڕووباری فوراتەوە دەگەنە شـــاری بابل و داگیری دەکەن، و وێرانکارییەکی زۆری تێدا ئەنجام دەدەن، بەڵام لەناکاو هەموو شـــتێك گۆڕا، ئەویش بەهۆی دروست بوونی بۆشایی سیاسی لە پایتەختی حیسیەکان کە شاری (حاتوشاش)ە، هەوڵی انقلاب دەدرا لەلایەن ئەندامەکانی ئەم بنەماڵەیە. کاتێك پادشای حیسی (مورسیلی یەکەم) لە بابل ئەم هەواڵە دەبیستێت بەپەلە پاشەکشە دەکات و لەگەڵ ســوپایەکەی بەرەو پایتەخت دەگەڕێتەوە[24]. لەگەڵ خۆشــیدا پەیکەری خواوەندی مەردۆخ (Marduk)[25] و خێزانکەی سەربانیتم (Sarbanitim) وەکو دەستکەوتی جەنگ دەبات[26].

دوای ئەم ڕووداوە (ئاگوم – کاکریمە ) لەســاڵی (1602 – 1585پ.ز) حکومڕانی کردووە، هەڵمەتێکی تایبەتی بۆ ســەر شــارە وێران بووەکەی بابل کرد[27]. لەگەڵ خۆشــی هەردوو پەیکەری خواوەند (مەردۆخ) و هاوســەرەکەی (ســەربانیتم)ی گەڕاندەوە بۆ خەڵکی بابل، بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی قەشــەنگ و گەورەی گێڕاو پەرســتگای بۆ نۆژەنکردەوە، هەروەها چەند دەقێکی نووســراوی دوروو درێژی لەبارەی ئەم ڕووداوانە بۆ جێ هێشــتووین، ئەوەی گومانی تێدانیە ئەم پاشــایە لەکارەکەیدا ئامانجی ڕازی کردنی خەڵکی بابل بووە لە فەرمانڕەوایەتیەکەیدا و ملکەچی خۆشــی بۆ خواوەند مەردۆخ ڕاگەیاند بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕێگای ئەوەوە فەرمانڕەوایەتی وولات بەڕێوەبەرێت[28]. بناغەی بنەماڵەکەیان بچەســپێنێت لە فەرمانڕەوایەتی کردنی وولاتی بابل، کە تێدا (36) پادشــا فەرمانڕەواییان کرد، یەکەم پادشــا و دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە بە ناوی (گانداش)بوو لە ناوچەی (عانا) دەســت بەکاربوو[29]. هەرچەندە ســەرچاوە مێژووییەکان زانیاری کەمیان داوە لە بارەی گانداشــەوە، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی کە هەوڵی گرتنی وولاتی بابلی داوە وەك پێشتر باسمان کرد، وە لە هەمان کاتدا نازناوەکانی (پادشای چوار ئاراستەکە ، پادشای سۆمەر و ئەکەد ، پادشای بابل)ی لە خۆی ناوە[30].

---

23 چیمن عبداللە عمر، فن العمارة فی العصر الکاشی، رسالة ماجستر غیر منشورة، کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، (اربیل: 2008)، ص11

24 هاری ساکز، عظمة بابل، ت.عامر سلیمان، (بغداد: 1979)، ص 92.

(25) یەکێك بووە لە گەورەترین خواوەندەکانی بابل لە پەرســتگای ســەرەکی ایســا کیلا (E- Sag- gilla) لەســەردەمی بابلی کۆن و نوێ پەرستراوە، بەوە ناسراو بوو کە خواوەندەکانی تر دەپارێزێت لە شەری (تیامە)و سووپایەکەیەوە. فاضل عبدالواحد علي، المعتقدات الدينية، موسوعة الموصل الحضارية، دار الكتب للطباعة والنشر، (جامعة الموصل: 1991)، مج1، ص 307.

26 حلمی محروس اسماعیل، الشرق العربی القدیم و حضاراتة (بلاد مابین النهرین و الشام و الجزیرة العربیة القدیمة، مؤسسة شباب الجامعة، (الأسکندریة: 1997)، ص 134.

27 تەها باقر، ســەرەتایەك بۆ مێژووی شــارســتانییە دێرینەکان، و.عوســمان عەزیز عەللاف – ئەفراســیاب ڕەشــید کەریم، دەزگای ڕۆشــنبیری جەمال عیرفان، (سلێمانی: 2018)، ب1، ل ل 225-226.

28 یوسف مجید زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل 102.

29 محمد علی سعداللە، دراسات فی تاریخ الشرق الأدنی القدیم (العراق – سوریة – اسیا الصغری) دراسة تاریخیة و حضاریة، دار المعرفة الجامعة، (د.م: 2003)، ص 112.

30 جەمال ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل 98.

زانیارییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی کاشیەکان لە وولاتی بابل، بەماوەی دووەمی تاریکی ناودەبەن، چوونکە زانیاری لەسـەر کەمە، دەقە مێخییەکان بەردەسـت ئاماژە بە چەند پادشـایەك دەکات کە دەسـەڵاتیان وەرگرتووە تەنها ناویان دەزانین لەگەڵ هەندێ کاری سەربازیان[31].

زۆربەی ئەو لێکۆلەرەوانەی کە لە زەمینەی مێژوویی و شارستانیەتی میسۆپۆتامیا تویژینەوە دەکەن زۆر گرینگیان بە سەردەمی فەرماڕەوایی کاشیەکان لە بابل نەداوە[32].

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لە دوای فراوانبوونی سنوری دەسەڵاتی کاشیەکان، هەوڵیان دەدا لە سیاسەتی دەرەوەیان دا لەگەڵ دەولەتان و فەرمانڕەوایانی ڕۆژهەڵاتی نزیك، پەیوەندییەکی باش و دۆستانەیان هەبێت[33].

لە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا بە هۆی دەسـت تێوەردانی ئاشـوورییەکان لە کاروباری ناوەخۆی کاشـیەکان لە کۆتایی فەرمانڕەوایەتیەکەیان، بووە هۆی لاوازیان، لە ئەنجامدا عیلامیەکان لە هێرشـێك دا توانیان کۆتایی بە دەسەڵاتی کاشیەکان بهێنن . دواتریش بنەماڵەیەکی تر لە ناوەخۆیی بابل هەڵدەستێتەوە بەناوی ( ئیسن) کە بە بنەماڵەی چوارەمی بابلی ناسـراون، دەتوانن عیلامیەکان لە وولاتەکەیان دەربکەن و تا ماوەیەك سـەربەخۆبن. دواتر لەماوەی نێوان سـاڵانی ( 745 – 727پ.ز)، ولاتی بابل بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوای پادشاییەکی ئاشورییەکان بە ناوی ( تجلات بليزری سێ یەم)[34].

31 محمود شاکر، سەرچاوەی پێشوو، ل 109.

32 یوسف مجید زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل 434.

33 محمود شاکر، سەرچاوەی پێشوو، ل 112.

34 عامر سليمان، القانون فى العراق القديم، دار الشؤون الثقافية العامة، ط2، (بغداد: 1987)، ص 31.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## تەوەرەی یەکەم: لایەنی ئەدەبیات و زمانی کاشیەکان

### أ- زمان و نووسینیان

کاشـــیەکان یەکێك بوون لەو نەتەوانە کە لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن ژیاون، زانیاریمان زۆر کەمە دەربارەی ژیانیان، بەڵام لە وولاتی بابل فەرمانڕەوایەتیان کردووە لە سەدەی شازدە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی دوازدەی پێش زایین. کە ئەمەش بە گرینگترین دەرکەوتنیان دادەنرێت لە مێژوودا، زمانی کاشـــیەکان زۆر بەکەمی بەڵگە و زانیاری لەســـەر دۆزراوەتەوە[35].

هەرچەندە لە بنەڕەتدا فەرمانڕەواکانی کاشـــیەکان لە بابلدا نامۆ بوون و پارێزگارییان لە زمانی خۆیان دەکرد، هەر هیچ نەبێت بوونی ناوەکانیان پارێزگارییان لە زمانەکە دەکرد، بەڵام نەیان دەتوانی ببنە لەمپەر لە بەرامبەر پێشکەوتنەکانی کەلتوری بابلیدا[36].

کاشـــیەکان دوای نیشـــتەجێ بوونیان لە وولاتی بابل هەوڵیان دا خۆیان فێری زمان و نووســـینی بابلییەکان بکەن، هەروەها ئەوان زمانی ســـۆمەرییەکانیشـــیان بەکاردەهێنا لە هەندێ هەواڵە کورتەکان، کاشـــیەکان دوای وەرگرتنی دەسـەڵاتیان شـارسـتانیەتی بابلییەکانیان پاراسـت و کاریان لەسـەر دەکرد[37]. گرینگیان زۆر بە پاشـماوەی کەلتوری و پێشخستنی زمانی بابلی و مانەوەی وەکو زمانی فەرمی دامودەزگاکانی وولات دەدا، هەروەها ڕێزیان لە خواوەندەکان و نەریت و ئاهەنگە ئاینیەکانی بابلییەکان دەگرت[38]. پادشـاکانیشـیان زمانی بابلی و سـۆمەریان بەکارهێناوە، ئەوەی گەیشتوونەتە دەستی لێکۆڵەرەوان تەنها چەند ووشەیەك و لیستێکی بچووکە بە زمانی خۆیان [39].

تاوەکو ئێستا نازانرێت کاشییەکان چ زمانێکی تایبەتیان بەکارهێناوە بۆ نووسین قسەکردن[40]. ئایا زمانێکی تایبەت بە قەسـەکردن و نووسـینی خۆیان هەبووە یاخود زمانی بابلییەکانیان بەکارهێناوە. سـەردەمی کاشـیەکان لە مێژووی بابلدا درێژترین قۆناغە کە تاڕادەیەك ســـەقامگیر بووە. بەڵام ئەوان کەمینەیەك بوونە لەگەڵ زۆرینەی دانیشـــتوانی ڕەسەنی وڵاتدا فەرمانڕەواییان دەکرد، کە شارستانیەتیەکەی بە سەریاندا زاڵبوو و ئاوێتەی بوون، لە ئەنجامدا زمانی ووڵاتیان و کەلتوورە گشـــتیەکەیان وەرگرت[41]. لەو حاڵەتەدا کە هیچ یەکێك لە دەقەکانی ســـەردەمی کاشـــی بە شـــێوەیەکی تەواو بە زمانی خۆیان نەنووســـراوە تاوەکو لە ڕێزمانیان تێبگەین، تەنیا ئەو دەربڕین و زاراوە کورتانەی کاشی نەبێت کە لە دەقە ئەکەدییەکاندا هاتووە[42]. وەك هەندێ لە ناوی پادشا دیارەکان و ژمارەیەك لە خواوەندەکانیان

---

(35) Arnauad Fournet, The names of Kassite Kings, The Macro- Comparative Journal, Vol. 3, No. 2, p 1

(36) مارك فان دی میرۆپ، مێژووی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن دەوروبەری 323-3000پ.ز، و.عەلی نادر، چاپخانەی تاران، ( سلێمانی: 2018)، ل 264.

(37) علی شحیلات، المصدر السابق، ص 151.

(38) محمد حرب فرزات، عید مرعی، دول و حضـارات فی الشـرق العربی القدیم، دار طلاس للدراســات و الترجمة والنشـر، ط2، (دمشــق: 1994)، ص 172.

(39) ف.فون زودن، مدخل الی حضارات الشرق القدیم، ت. فاروق اسماعیل، دار المدی للثقافة والنشر، (سوریة: 2003)، ص 34.

(40) عامر سلیمان، المصدر السابق، ج1، ص 200.

(41) جەمال ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل 98.

(42) یوسف مجید زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل 434.

و چەند ووشـــەیەکی کەمی وەرگێڕدراو بۆ زمانی ئەکەدی، کە ئەمەش وادەکات ئەنجامێکی باشـــی هەبێت بۆ ئێمە و تێبگەین کە زمانی کاشـیەکان زمانێکی (سـامی)نییە[43]، هەروەها هیچ پەیوەندییەکیشـی بە زمانەکانی سـۆمەری و عیلامی و (خوری)[44]یەوە نی یە[45]. بەڵکو زمانێکی (هیندۆ ئەوروپی)یە، بەپێی بۆچوونی (حەبیبوڵلای حەبیبوڵلای تابانی) بێت کاشیەکان خاوەنی دوو زمان بوون، یەکێکیان: زمانی گشتی خەڵك کە ڕیشەی قەوقازی یە ، مەبەست لێی لە زمانی قەوقازی زمانی خەڵکی ئە سڵی مەڵبەندی زاگرۆ سە، دووەمی شیان: زمانی پیاوماقوڵان و پاد شاکان کە ئەوان ڕیشـەی هیندۆ ئەوروپاییان هەبووە. ئەگەر واش نەبێت دەبێ بڕوا بەوە بکەین کە کاشیەکان لە بنەڕەتدا لەسەر ئەم خاکە ژیاون و وردە وردە لەگەڵ ئارياييەکان دراوسـێيەتيان هەبووە پەيوەنديان پێکەوە هەبووە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری فەرهەنگ و بیروباوەری ئەوانەوە[46].

لەسـاڵی (1884ز) مێژووناس (دێلچە) قاموسـێکی بچووکی کاشـیەکان و بابلییەکانی بڵاوکردەوە، کە ئێسـتا لە مۆزەخانەی بەریتانیا تۆمارکراوە، بریتی یە لە لیسـتێکی ووشـە. ژمارەی ووشـەکانی کاشـی زۆر سـنوردارە نزیکەی (شـەست ووشـە دەبێت)، ئەویش چەند بابەتێکی دیاری کراوە، وەکو ئەسـپ و ڕەنگەکان و ووشـەی کشـتوکاڵ، وەکو( گەنم و جۆ)، بێجگە لە چەند سەرە بابەتێك. [47].

وا دادەنرێت زمانی کاشـــیەکان زمانێکی دوورە پەرێز و دابڕاو بووبێت، واتە تێکەڵاوی کەم بووە لەگەڵ زمانەکانی دیکە[48]. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کاشیەکان تێکەڵاو بوونە لەگەڵ ئەو نەتەوە کۆچەری و هێرشبەرانە کە بە چوونە پێ شی ڕەوتی مێژوویی (خانە خوێ و میوان ) بە شێوەیەك ببوون و بەیەکەوە گرێ دراون کە جیاکردنەوەیان لەیەکتر زۆر زەحمەتە[49].

---

(43) زمانی سامی: سامییە خۆرهەڵاتییەکان لە میـسۆپۆتامیا لە نێوان هەزارەی پێنجەم و چوارەمی پێش زاین وڵاتی ئەکەدی بە ناوبانگیان پێك هێناو پایتەختەکەیان ناوی ئەکەدە. هەروەها ســامیە خۆرئاواییەکانیش هەرە بە ناوبانگیان تیرەی ئامۆرییە کە کەنعانی خۆرهەڵاتین، خێزانی زمانی سامی دیاردەیەکی زمانی دوورەپەرێز نییە، تەها باقر، سەرچاوەی پێشوو، ل 38 -40.

(44) خوریەکان: ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەســتدان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە لانکەی ڕەســەنی خوریەکان دەکەوێتە ناوچەکانی باکوری میسـۆپۆتامیاوە، کە درێژدەبێتەوە لە نێوان شـاخەکانی تۆرۆس تاوەکو دەریاچەی وان. لە نیوەی هەزارەی سـێیەمی پێش زاینەوە لە مێژوودا بەدیارکەوتوون. جەمال ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل 103 .

(45) چین بوترو، واخرون، الشــرق الأدنى و الحضــارات المبكرة، ت. عامر ســليمان، مديرية دار الكتب للطباعة و النشــر، ( جامعة الموصــل: 1986)، ص 212.

(46) هاونەتەوەی قەومی کورد و ماد، و. جەلیل گادانی، چاپخانەی تیشك، (سلێمانی: 2004)، ل 154.

(47) Arnauad Fournet, The Kassite Language In a Comparative perspective with Hurrian and Urartean, The Macro Journal, vole 2, No.1, pp 2 – 3. بۆ زانیاری لەسەر ئەم بابەتە سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە: ؛ Theophilus. G. Pinches, The Language of the Kassites, The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, 1917, p p 102 – 106.

(48) Arnauad Fournet, Vol. 2, No.1, p 3.

(49) حەبیبوڵلای تابانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل 155

هەروەها سەردەمی كاشیەكان بە بڵاوبوونەوە و بەكارهێنانی نووسینی مێخی و زمانی ئەكەدی دادەنرێت(50). كە لە دەرەوەی ووڵاتیشـــدا بە جۆرێك زمانی ئەكەدی ببووە زمانی نامە گۆڕینەوەی نێوان پادشـــاكانی ڕۆژهەڵاتی نزیكی كۆن لەگەڵ میسر و ئاسیای بچووك(51).

بەگوێرەی ئەو نامە نێودەوڵەتیانەی كە لە گردی عەمارنە لە پایتەختی ئەخناتون دۆزراوەتەوە، فیرعەونی میســـر كاتێك نامە ئاڵوگۆڕ دەكات لەگەڵ دەســـەڵاتدارانی خۆرهەڵاتی نزیك بۆمان دەردەكەوێت نامەكان بە زمانی ئەكەدی و نووسینی مێخی نووسراون. ئەوەش دەیسەلمێنێت زمانی نووسین و لێك تێگەیشتن لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نزیك ئەوكاتە زمانی ئەكەدییەكان بووە (52).

**ب- ئەدەب**

ســـەبارەت بەلایەنی ئەدەبیاتی كاشـــیەكان لەماوەی فەرمانڕەوایەتیان لە ووڵاتی بابل، ســـەرچاوەكان ئاماژە بە پێشكەوتن و گەشەسەندنی بزوتنەوەی ئەدەبیات دەكەن لەم سەردەمە بەتایبەت لە ڕوانگەی ئاینی، كە گۆشەنیگایەكی نوێ و نموونەییە لە هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ گیروگرفتەكانی پەیوەست بە باوەڕ، هەروەها فەرهەنگ و لیستی هێما مێخییەكان بە شێوازێكی جوان و ئاسانتر و ڕوونتر دووبارە نووسرانەوە(53).

ســـەردەمی كاشـــییەكان بەســـەردەمی كۆكردنەوە و ڕێكخســـتنی كەلەپووری ئەدەبی دێت كە كۆكراوەتەوە لە بازنەیەكی فراوان لەســـەردەمی بابلیە كۆنەكان(54). بەردەوام شـــارەزایان و نووســـەران كاریان لەســـەر بەرهەمە ئەدەبیەكانی وەك دەقی ئاینی و چیرۆك و ئەفســـانە و بەتایبەتی دەقە ئەدەبیە كۆنە جۆراو جۆرە بە ناوبانگەكانی سۆمەری و ئەكەدی كردووە(55). وەكو ( داستانی گلگامش) و كۆپیەك لە چیرۆكی تۆفان كە ناسراوە بە (ئەترا حاسیس) وە ئەو چیرۆكە ئەدەبیەی كە ناسراوە بە چیرۆكی (ئەیوبی بابلی)(56)، لە سەردەمی كاشیەكان هەندێ دەق بەجێ ماوە لە بواری پزیشكی و گەردوونی هەروەها لەلایەنی ئەستێرەناسیش نووسراوی تایبەت بە ڕۆژە جیاوازەكانیان بە دەست گەیشتووە، وەكو خۆشی و ناخۆشی(57).

---

(50) عامر سليمان، موسوعة الموصل الحضارية، المصدر السابق، ص 77.

(51) عامر سليمان، المصدر السابق، ص 30

(52) H. F. Helmolt, The History of World (A Survey of Man's Record), New York, Dodd, Mead and Company, 1903, Vol. III, p 16.

(53) محەمەد مەحموود مەندەلاوی، مێژووی شـارسـتانیەتی كورد، دار المعرفة بيروت- لبنان (لە بلاوكراوەكانی دەزگای نارین، چ2، (ب.ش: 2012)، ل 92.

(54) سامي سعيد الأحمد، فتره العصر الكاشي، مجلة سومر، ج1+2،(د.م: 1983)، م39، ص 147.

(55) عامر سلمان، المصدر السابق، ج1، ص 203.

(56) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم چیرۆكە بڕوانە: سامي سعيد الأحمد ، المصدر السابق، ص 147.

(57) جمال رشد، المصدر السابق، ص 931.

## تەوەرەی دووەم: لایەنی زانستی پزیشکی کاشییەکان

کاشـیەکان لەماوەی فەرمانڕەوایەتیان لە وولاتی بابل تاوەکو کۆتایی فەرمانڕەوایەتی ئاشـوری نویێ، بە سـەردەمی پێشـکەوتنی زانسـتی پزیشـکی دادەنرێت، کە لەم بوارەدا چەند دەقێك ماوەتەوە لە نێو کتێبخانە گەورەکەی (ئاشـور بانیپال)[58] [59].

بە پێی یەکێك لەو نامەنەی کە دۆزراوەتەوە، باسی پەیوەندی پزیشکی دەکات لە نێوان حیسیەکان و کاشیەکان کە تیایدا پادشـای کاشـیەکان (کادشـمان ئەنلیلی دووەم) لە سـاڵی ( 1271-1277 پ.ز)، وەفدێکی تایبەتی پزیشـکی بە سەرۆکایەتی ( خزاللو) لە سەر داوای پاد شای حیسیەکان بەناوی (حاتو سیلسی سێیەم) دەنێرێت بۆ لای، کە پسپۆری پزیشکی چاو بوو بە مەبە ستی چارە سەرکردن. شایانی با سە ( خزاللو) ناوی لە نامەی پاد شاکان داهاتووە و کە سێکی بەناوبانگ بووە، لە پایتەختی حیسـیەکان دەمێنێتەوە دوای ماوەیەك ( کادشـمان) نامەیەك بۆ ( حاتوسـیلس) دەنێرێت، داوای گەڕانەوەی (خزاللو) و هاوڕێیەکانی دەکات بۆ وولاتی بابل..... [60].

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە پەیوەندی نێوانیان کە بڵاوبوونەوەی بەناوبانگی پزیشکانی بابلی بووە لە میسۆپۆتامیا و ئەنادۆل، بە جۆرێك پادشای حیسیەکانی ناچارکردووە داوای چارەسەری پزیشکی لە وولاتی بابل بکات. کاری پزیشکی لە وولاتی بابل لە چوارچێوەی پەرسـتگا بوو، لە هەندێك نامەی بەجێ ماو لە پزیشـکەکانی نەخۆشـخانە کە ئاماژەیان بەو نەخۆشـانە کردووە کە لە (ژووری نەخۆشـی)دا بووینە، نەخۆشـخانەکەش وەك پاشـکۆیەك و بەشـێك بووە لە پەر ستگا. زیاتر لە دە حالەت تۆمارکراوە کە لە ژێر چارە سەر دابوونە، لەو ڕاپۆرتانەدا ئاماژەی بۆ کراوە کە بۆ بەرپر سی باڵا نێردراوە بەمەبەسـتی ناردنی فەرمانی تایبەت بە چۆنیەتی چارەسـەر کردن، ئەو نەخۆشـیانەش بریتی بوونە لە ( گرانەتا، هەڵامەت)، چارەســەری پێشــوەختە ( ســەرەتایی)، وە دەرمانەکانیش ڕووەکی (ســروشــتی) بوونە لەگەڵ بەکارهێنانی (هەتوان، ملحم، پارچە چێنراوێکی تەنك لە لۆکە، شاش) [61].

لەڕاستیدا ئەوەی کە توشی نەخۆشی بووە هەر ئەوەندەیان توانیوە کە پشت ببەستن بە دوو جۆر خزمەتگوزاری لە پزیشــکی، کە چارەســەرەکانیان بریتی بووە لە جادووگەری لەو لایەنەی کە کاریگەرییەکی بەهێزی دەروونی هەبووە.

---

(58) سەرەڕای ئەوەی کە ئا شور بانیبال پیاوێکی سەربازی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوە شدا گرینگی بە زانست و زانیاری و لایەنی ئەدەبیش داوە، هەر بۆ ئەم مەبەسـتەش هەڵسـتا بە دامەزراندنی کتێبخانەیەکی گەورە لە پایتەخت نەك لەسـەر ئاسـتی میسـۆپۆتامیا بەڵکو لەسـەر ئاسـتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاســت بە گەورەترین پەرتوکخانە دادەنرا، کە بە هەزارەها تابلۆی نوســـروای قورین بەرچاو دەکەوت، لە هەموو بوارەکانی زانست و ئەدەب و هونەر و یاسا و کارگێری. سەرچاوە: طعمه وهیب خزعل، المملكة الاشورية من عصر القوة إلى الانهيار 722-610ق.م، مجلة التراث العلمي العربی، العدد الثانی، (جامعة تكريت: 2015)، ص 347.

(59) فاروق ناصر الراوي، العلوم و المعارف، حضاره العراق، دار الجيل، ( بغداد: 1985)، ج2، ص 327.

(60) محمود حسين الامين، الكا شيون(1530 – 1160پ.ز)، مجلة كلية الاداب جامعة بغداد، العدد السادس، مطبعة العانی، (بغداد: 1963)، ص 533.

(61) سامی سعيد الأحمد ، المصدر السابق، ص 146.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەلایەکی ترەوە لە تەواوی چارەسەرە پزیشکییەکانیان پشتیان بەستووە بە کۆمەڵێکی جۆرا و جۆر لە داو و دەرمان. جادووگەری بەناوبانگیان بە ئاشیپۆ (Ashipo) بانگدەکرا، وە (ئاسو)ـش پزیشك و دەرمانسازیان بووە[62].

لەبارەی ئەم کۆمەڵە زانستە پزیشکیەوە دەبێت با سی نوو سراوەکانی ڕێنوێنی زانستی دەرمانسازیش بکرێت، کە بریتین لە کۆمەڵەی ئوروئەن، پێڕستی دوو ستونی لە گیا شفا بەخشەکان، سەرچاوە مەعەدەنیەکان، و تەنانەت چەوریەکان و ئەو مادانەی کە وەکو دەرمان دیاری دەکران. نو سراوی دیکەی ڕێنوێنی بە ناوەکانی ( شمو شیکینشو- Shmu shikinshu) و (ئەنبو شیکینشو- Anbu shikinshu) باسێکی فراوانتریان لە بارەی گیاکان و سەرچاوە مەعدەنیەکانەوە خستۆتەڕوو، لەگەڵ ناوی ئەو نەخۆشیانەی کە بە سوود وەرگرتن لەم دەرمانانە چارەسەر بوون[63].

(62) جون اوتس، المصدر السابق، ص 272.

(63)یوسف مجید زادە، مێژووی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا، و. سەمیر حسێن، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، (سلێمانی: 2012)، ب3،ل 251.

## تەوەرەی سێیەم: لایەنی ئایینی

ســـەبارەت بە لایەنی ئایینی لە **وڵاتی بابل بەر لەهاتنی کاشـــییەکان ئەوە بابلییەکان خاوەنی چەندین خواوەند و پەرستگای تایبەت بە خۆیان بوون، مێژوونوسی عێراقی تەها باقر لە کتێبەکەی دا ئاماژەی بە ناوی چەندین خواوەند کردووە، کە بابلییەکان پەرستویانە لەوانە خواوەندی (عشـتار- Ashtar)، کە پەرستگای سـەرەکی لە ناوچەی (دیالە) بووە، هەروەها هەردوو خواوەندی (ننشـوبور - Ninshbur، (لاما-Lama ) کە پەر ستگایەکەیان بەناوی (پا-سـاگ Pa-Sag)** [64]. ئەمە جگە لەوەی کە (مەردۆخ) بە خواوەندی سەرەکی بابلییەکان دادەنرێت[65].

شایانی باسە کاشیەکان تێکەڵ بە شارستانیەتی بابلییەکان ببوون، بە تایبەت لە بواری ئاینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە خواوەندە نیشتمانییەکانی خۆیان پاراست[66]. هەروەها بەشێك لە بیروباوەڕی بابلییان وەرگرت و کاریان پێ کرد، لەوانەیە ئەو تێکەڵ بوونەی کاشـــیەکان لەگەڵ بیروباوەری ئاینی بابلی و بایەخدانیان بەخواوەندەکانیان بۆ ئەوە بێت کە ڕەزامەندی خەڵکی بەدەســت بهێنن، بەتایبەتی لەگەڵ پیاوانی پەرســتگا کە ڕۆڵێکی ســـەرەکیان هەبوو لەنێو کۆمەڵگا[67].

هەرچەندە زانیاری کەمە دەربارەی (خواوەندە) [68] ڕەسـەنەکانی کاشـیەکان و شـێوازی پەرسـتنیان. تەنها ئەوەندە نەبێت کە لە ڕێگای کنە پشـــکنینەکانەوە ناوی چەند خواوەندێك بەدەســـت گەیشـــتووە کە پەرســـتوویانە و ڕێزیان لێگرتووە، لێرە دا ئاماژە بە ناوی هەندێ لە خواوەندەکانیان دەکەین و زانیاری دەربارەیان بخەینەڕوو:

خواوەندی سەرەکی کاشیەکان ناوی (کاشو)بوو، ئەصلی ناوەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئەم خواوەندەیان[69]. لە دوای ئەمە خواوەندێکی تریان زۆر بەلاوە پیرۆزبووە کە ( ڕۆژ – خۆر)بووە لە زمانی بابلی پێیان دەووت ( ســـەریاش- Suriaş) کە بەیانیان لەکاتی هەڵهاتنی ڕۆژ دەیانپەرست، وە خواوەندی (دونیاش- Duniaş) یان هەبووە ئەم خواوەندە دوای گرتنی شاری بابل و دامەزراندنی دەوڵەتی کاشی بووە خواوەندی ڕەسمی کاردونیاش (kar- duniaş )[70].

---

(64) سەرچاوەی پێشوو، ل ل 214 -215.

(65) ویل دورانت، سەرچاوەی پێشوو، ل 398.

(66) محەمەد مەحموود مەندەلاوی ، سەرچاوەی پێشوو، ل 123.

(67) محمود حسين الأمين، المصدر السابق، ص 546.

(68) کاشـیەکان بە زمانی خۆیان بە خواوەندیان ووتوە ( بۆغاش): محەممەد ئەمین زەکی بەگ، خولاصـەیەکی تاریخی کورد و کوردسـتان، ئامادەکردنی. ڕەفیق ساڵح، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ژین، (سلێمانی: 2006)، ل 78.

(69) احمد فخری، دراسـات فی تاریخ الشـرق القدیم ( مصـر و العراق – سـوریا- الیمن- ایران) مختارات من الوثائق التاريخية، مكتبة الأنجلو المصرية، ط2، (مصر: د.ت)، ص 205.

(70) شاخەوان فایەق ئەلیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل 38.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لەسەر بنەچەی ناوی خواوەندەکانی کاشیەکان هەیە، ئەوا خواوەندەکانیان سامی و هیندۆ- ئەوروپی نەبووینە. بەڵکو ناوێکی ئایینی لێکدراوی ناسراو بووە، کە لەسەدەی حەڤدەهەمی پێش زایینی بەکار دەهات، لە لیستی ناوی خواوەند (ئین)، کە لە دوو دەقدا باسی ناوی خواوەندەکانی کاشی و لەبەرامبەریشی دا ناوی خواوەند و کەسایەتیەکانی بابلی دەکات. هەروەها کاشیەکان ئامادەی ئەوەیان هەبووە، نەریت و پەرستنی خواوەندەکانی بابلییەکان وەربگرن، کاتێك هاتنە ناو خاکی بابل.

لە ڕاستیدا کاشیەکان سەرباری ئەو خواوەندە خۆمالییانەی کە لە وولاتی ڕاستەقینەی خۆیاندا پەرستوویانە، باوەڕیان بە هەندێ لە خواوەندەکانی گەلە هیندۆ – ئەوروپیەکانیش هێناوە، لەوکاتەی کە لەگەڵ چینی دەسەڵاتدارەکان تێکەڵ بوون[71]. وەکو (سوریاش) خواوەندی ڕۆژ هاوشانی خواوەندی هیندی (سوریا)یە[72]. هەروەها خواوەند (مارووتاش) بەرامبەرە بە خواوەندی (مارووت)[73]. ئەمە بێجگە لەوەی کە (بوریاش)ی خواوەندی گەردەلول هاوتایە لەگەڵ خواوەندی ( بورئیاس) یا ( بورییاس)ی یۆنانییە[74].

هیچ جێگای سەرسورمان نییە کە لەتەمەنی ژیانی هۆزێکدا چەند بیروڕای هاوبەشی ئایینی ( داستان یان ئەفسانەی خواکان)و نەریتی ئاینی وەها زانرابێت. بە تایبەتی هۆزێکی دیاری کراوی وەکو کاشیەکان، وە هۆزەکانی دراوسێیان کە ئەوانیش کۆمەڵێك خواوەندی تایبەت بە خۆیان هەبووە[75].

سەبارەت بە کاهینی پەرستگاکانیش، پادشا خۆی بە گەورەترین کاهینی خواوەندی نیشتمانی دەزانی. زۆرجاریش فەرمانڕەوا و میرو شازادەکان پۆستی گەورەترین کاهینی خواوەندێکی دیاریکراو یان وەردەگرت. کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەنگدانەوەی لەسەر کاروباری پەرستگەکان هەبوو، بەمەش چەندین چین لە کاهینەکان دەرکەوت کە هەر چینێك پلە و کاریی تایبەتی خۆی هەبوو، هەندێکیان کاری خاوێنکردنەوەی پەرستگە و پاککردنەوەی ئایینی ئەنجام دەدا، هەندێکی تر کاری جادووگەری دەکرد، هەندێك لە کاهینەکانیش کاری گۆرانی و مۆسیقا و خوێندنەوەی سروودە ئاینییەکانیان ئەنجام دەدا، لەسەرووی هەمووشیانەوە کاهینی گەورە هەبوو کە پێی دەگوترا (ئین). نوێنەرایەتی بەرزترین پلەی کاهینی دەکرد. بۆیە ئەو کەسەی لەو پلەیەش دادەنرا دەبوایە لە خێزانی شاهانە بێت یان لە خێزانێك بێت کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی مەزنی هەبێت[76].

---

(71) جمال رشید ، المصدر السابق، ص 928.

(72) جەمال ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل 101.

(73) علی شحیلات، عبدالعزیز الیاس الحمدانی، مختصر تاریخ العراق، دار الکتب العلمیه، (بیروت: 2012)، ج3، ص 152.

(74) ڕۆمەن گیرشمەن، مێژووی ئێران لە سەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام، و.سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، (سلێمانی: 2013)، ل 84.

(75) ئی. م. دیاکونوڤ، میدیا، و. بورهان قانع، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ3، (هەولێر: 2008)، ، ل 184.

(76) ئەحمەد ئەمین سەلیم، مێژووی کۆنی میسر و عێراق، و. فەیسەڵ خەلیل، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر: 2014)، ل ل 444 – 445.

## تەوەرەی چوارەم: لایەنی کارگێری و ئابوری

### أ- لایەنی کارگێری

شێوازی بەرێوەبردنی حکومەت لە زۆربەی قۆناخەکانی میسۆپۆتامیا دا، شێوازی پادشایەتی ئۆتۆکراتی بووە، واتە پەیڕەو کردنی مەرکەزیەتی دەسەڵات کە ڕاستەوخۆ بەدەست پادشاوە بووە. بەتایبەت ئەم سیستەمە کارگێڕییە لەسەرەتای سەردەمی بنەماڵەکانەوە بەردەوام بوو[77]. تا سەردەمی کاشیەکان و بنەماڵەی دووەمی ئیسن. بەشێوەیەك وولآت بۆ بیست هەرێم دابەش ببوو، لە هەر هەرێمێك حکومەتێکی لۆکاڵی هەبوو کە بەرپرس بوو لەبەرامبەر پاد شای بابل، هەر هەرێمێکیش بەناوی سەرەکیترین شار ناودەنرا. وەکو ئیسن و نوفەر (Nipur - Isin)، یاخود بەناوی ئەو هۆزانەوە ناونرابوو کە تێیدا دەژیان وەکو ( بیت، سن، ماگیر)، فەرمانڕەوای هەرێم لەلایەن پادشاوە دادەنرا و لەدوای ئەویشەوە ئەو فەرمانبەرانە دەهاتن کە کاروباری دادوەری و ئاسایش و کشتوکاڵ و کۆکەرەوەی باج و داراییان ئەنجام دەدا. ئەو سەرۆك هۆزانەش کە دوور بوون لە پایتەختەوە بەتایبەتی لە سنوری باشور، بە ڕواڵەت سەر بە پادشاوە بوون، بەڵام لە هەرێمەکانی خۆیان نیمچە سەربەخۆ بوون[78].

لە ژێر سایەی حاکمێکدا کە بەرپرسی هەرێمی نیپور بووە گوزارشت لە ئیدارەیەکی باڵای بە ناوەندکراو دەکەن. کە ئەو حاکمە سەرکردایەتی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی دەکرد کە دانەوێڵە و بەربوومی ئاژەڵانی کۆدەکردەوە، ئەمانەشی بەسەر خزمەتکارە ڕێکخراوەییەکاندا بە شێوەی ئازوقە دابەش دەکرانەوە. بە کۆنترۆڵ کردنی ئەو سەرمایانە وای لە حاکمی نیپور دەکرد لەلای پادشا پلەی دووەم بە دەستەبەر بکات[79].

کاشیەکان ووشەی (کاردۆنیاش) وەکو ناوێکی کارگێڕی بۆ ووڵاتەکەیان بەکارهێنا بەتایبەت دوای بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر هەرێمی دەریایی (بنەماڵەی بابلی دووەم). هەروەها لە سیستەمی حوکمڕانیان دا سیستەمی پشتاوپشتیان پەیڕەو دەکرد، واتە لە باوکەوە بۆ کوڕ[80].

### ب- کشتوکاڵ

بنەمای ئابوری کۆمەڵگەی میسۆپۆتامیا بە درێژایی مێژوو بە پلەی یەکەم لە بواری کشتوکاڵیدا بووە. جگە لە خاکە بە پیتەکەی کە یارمەتی ئاودێری کشتوکاڵی تێدا دەکرا، ئەو سەردەمانەی کە ناوچەکە لە ئارامێکی تەواوەتی سیاسیدا

(77) ئەحمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل 348.

(78) سامی سعید الأحمد، الادارة ونظام الحكم، حضارة العراق، ج2، ص 25.

(79) مارك فان دی میرۆپ، سەرچاوەی پێشوو، ل 262.

(80) شاخەوان فایەق ئەلیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل 45.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بوو، کشــتوکاڵی ئاویش بە پێوەرێکی فراوان و بە بەرێوەبردنێکی ڕاســت ئەنجامدەدرا، زەوی توانای بەرهەمێنانی ڕێژەیەکی زۆرتری لە پێویستی بەرهەمێنانی ناوەخۆیی هەبوو و لە تواناشیدا هەبوو مەڕ و بزنیش بەخێوبکات.[81].

لەو وولاتی بابل، کشـتوکاڵ بە ئاودێری کێڵگەکان پێشـکەوت، لەگەڵ ئەوەی کەش و هەوایەکی وشـکیشـی هەبوو، بەتایبەت لە دابینکردنی دانەوێڵەی وەکو گەنم و جۆ بە ڕێژەیەکی زۆر بۆ پێداویستی وولات، هەروەها دەوڵەمەندترین ناوچە بووە لە جیهانی کۆن[82].

لافاوەکانی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات مەترسی و هەڕەشەیەکی بەردەوامبوون بۆ سەر وولاتی میسۆپۆتامیا، ئەوەش زیـاتر بەهۆی کەمتەرخەمییەوە بوو کە گرینگی تەواو نەدراوە بەکەنـاڵەکـانی ئـاودێری کە ئەوە وێرانکـاری بەدوای خۆی دادەهێنا بۆ سەر کێلگە کشتوکاڵییەکان [83].

بەپێ ی ئەو بەڵگانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین، کاشییەکان پێش وەرگرتنی دەسەڵاتیان لە کێلگەکانی میسۆپۆتامیا لە وەرزی دروینەدا وەکو کرێکار کاریان کردووە [84].

لەڕووی ئابوورییەوە کا شییەکان بەو پێیەی کە لە بەڵگەنامەکانەوە دەرکەوتووە میانڕەو و نەرم بووینە و ستەمکار و دەسـتدرێژیکار نەبووینە، یەکێك لەو هۆکارانەی کاریگەر بووە لەسـەر کاردانەوەی دەوڵەتە بچوکەکانی ناوچەکان بۆ پادشا ئەو هەڵوێستی پادشا بووە دەربارەی مافەکانی هاولاتیان کە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بەخشین بووە لە باج و کاری بێبەرامبەر، لە ئەوانەش ڕوون و ئاشکرایە لە بەیاننامە خاوەندارێتییەکان کە پاشاکانی کاشییەکان زۆر هەوڵیان بۆ ئەو مەبەستە داوە(85).

چاپی مۆری کاشــییەکان ئەو وێنە نایابە پێشــکەش دەکات کە ئامێری کێڵان و تۆو چنینی بابلییە، کە دوو گا ڕایدەکێشــن ، کە کەسـێك لەناوەڕاسـتدا کیسـێك ( تورەگە ) یەکی بەشـانی داداوە و پڕە لە تۆو و دانەوێڵە کە بەولاو ئەولادا دەیوەشـێنێ کە دەنکۆڵەی دانەوێڵەکانیان دەخـستە چاڵە کێڵدراوەکانەوە. لە هەندێك نمونەی ئەو جۆرە چاپانە دۆزراوەتەوە لە (نفر) لەســەر تابلۆی قوڕین کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی حوکمڕانی ( نازی – مرو تاش) لە دەوروبەری ساڵی (1300 پ.ز)[86].

پاد شا (میلیشیپاك) زەویەکی بەخـشیە کچەکەی لە ناوچە دەرییاییەکاندا لە سەر ئەو بنەمایەی کە لەوێ پرۆژەیەکی ئاودان و بەربەسـتێکی ئاوی دروسـت دەکات، بۆ بەرژەوەندی کشـتوکاڵی وە دروسـتکردنی سـێ گوند. پادشـا کچەکەی بەخشی بوو لە باج و کاری بێ بەرامبەر و چاککردنەوەی کەناڵەکان. وە پاشا پارچە زەویەکیشی بەخشیبوو بە کوڕەکەی وە بە هەمان شێوە بەخشرابوو لە هەموو باجەکان[87].

---

(81) یوسف مجید زادە، مێژووی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا، و. سەمیر حسێن، خانەی پەخشی ڕێنما، (سلێمانی: 2012)، ب2، ل 99

(82) جون اوتس، المصدر السابق، ص 294.

(83) علی شحیلات، المصدر السابق، ج6، ص 92.

(84) جەمال ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل 96.

(85) سامی سعید الأحمد ، المصدر السابق، ص 145.

(86) جون اوتس، المصدر السابق، ص 294.

(87) واثق اسـماعیل الصـالحي، العمارة في العصـرین السـلوقي و الفرثي، حضـارة العراق، دار الحرية للطباعة، (بغداد: 1985)، ج3، ص ص 187- 188.

لە ماوەی چواریەکی کۆتایی سەدەی پانزەهەم پ.ز، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کاشییەکان بە ژیانێکی تەنگ و ناخۆش و مەترسیداردا تێدەپەڕی لە ڕووی ئابوورییەوە، هەندێك کار و پرۆژەی گەورە و زەحمەتیان کرد بۆ ڕێکخستنی تۆڕی ئاو و ئاوودان، جارێکی تر دەربەستەکانی ئاوەکانیان نۆژەنکردەوە و بەنداوەکانیان نوێکردەوە و هەندێکی تریشیان لە سەرەتاوە دروستکرد[88].

دروستکردنی ئەو جۆرە پرۆژانە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵك و پێشخستنی لەبواری ئابووری و سیاسیشدا، لەبەر ئەوە پاشاکانی کاشییەکان هەڵساوون بەو جۆرە پرۆژانە و ڕێکخستنیان ساڵ بەساڵ، بەپاککردنەوەی دەریاکان و خشتەکان و بەهێزکردنی بەربەست و بەنداوەکان، بۆ نمونە: پاشا (میلیشیپاك)ی کاشی هەڵسا بە دروستکردنی پرۆژەی ئاودان، وشوێنی گلدانەوەی ئاو لەو زەوییانە بەجۆرێك تا گونجاوبێت بۆ کشتوکاڵ [89].

لەسەردەمی کاشییەکان هەندێك لەشارەکان بوونە خاوەن کەرتی کشتوکاڵی فراوان، بەهەمان شێوە ئەو هۆزانەی کە لە ناوەڕاست و باشووری میسۆپۆتامیا نیشتەجێببون بوونە، خاوەنی ئەو کەرتە کشتوکاڵیانە، هەندێك جار پادشا ئەو کەرتە کشتوکاڵیانەی دەکڕی لەو شار و لەو هۆزانە، وە دەیدا بەو کەسەی کە پێویستی بایە. بەهەمان شێوە پاشاکان ئەو زەویانەیان دەدا بە فەرمانبەرەکانیان و تاکەکانی گەل و پەرستگا، لەسەر بەردێکی لاکێشەیی دەنوسرایەوە کە بەرزییەکەی 30 سم بۆ یەك مەتر بوو، بەئەندازەییەکی قوچەکی کە بنکەکەی لاکێشە یان هێلکەیی یان چوار گۆشە بوو پێی دەگوترا بەردی سنووری (کودورو)، کە پێکهاتبوو لە گرێبەستی پارچە زەویەك لەلایەن پاشاوە دابین دەکرا بۆ پەرستگا یان فەرمانبەر یان هەرکەسێکی تر[90].

## ت- ئاژەڵداری

کاشییەکان لە سەرەتاوە بە شێوەی خێڵەکی ژیاون، پاشان بە شێوەیەکی خێرا دەستیان کردووە بەکاری کشتوکاڵی دوای ئەوەی لەسەر ئەو زەویانە نیشتەجێبوون کە بەجێ هێشترابوون لەلایەن خاوەنەکانیانەوە بەهۆی شەڕ و سوتان و وێرانکارییەوە، زۆرێك لەبنەما شارستانیەکانیان لەسەر شارستانیەتی پێشووی میسۆپۆتامیا بونیادنا، وەك پەروەردەکردن و بەخێوکردنی ئاژەڵ[91].

لەگەڵ ئەوەی کە ووشەی ئەسپ بوونی هەیە لە زمانی سۆمەرییەکان ، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نییە ئەوە بسەلمێنێ کە لە سەردەمی سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان ئەسپیان بەکارهێنابێ. لەگەڵ ئەوەی ئەسپ هاتووە لە گرێبەستەکانی کارکردنی بابلییە کۆنەکانیش[92]. هەروەها ڕاگرتن و بەخێوکردنی ئەسپ لە (ئەنادۆل) و ئێران لە دەوروبەری

(88) ف.دیاكوف، الحضارات القديمه، ت.نسيم واكيم اليازجی، منشورات دار علاء الدين، ط2، (دمشق: 2006)، ج1، 106.

(89) عماد عبدالقادر المزوری، الكاشيون 1595-1162پ.ز(دراسة سياسة حضارية)، رسالة ماجستر غير منشورة، لكلية الاداب، جامعة صلاح الدين، (اربيل: 2002)، 76.

(90) واثق اسماعيل الصالحي ، المصدر السابق، ج3، ص ص 187- 188.

(91) برهان الدين دلو، المصدر السابق، ص 265.

(92) سامی سعيد الأحمد ، المصدر السابق، ص 146.

3000پ.ز هەبووە، ئەکەدییەکان (سیسو)ییان پێ ووتوە، بۆ یەکەمجار ناسراو بوو بە ئاژەڵی سواری لە هەگبەی بابلی کۆندا ئەسپ (Anse- kurra) بەواتا گوێ درێژی چیایی هاتووە[93].

لە بەڵگەنامەکانی بابلیدا ئاماژە بە ئەسپ کراوە و بە کەری خۆرئاوای ناو دەبرێت.[94]. لە نووسراوێکی دورودرێژی حیسیەکان بۆ مەشقپێکردنی ئەسپەکان دۆزرایەوە، کە بەم دەستەواژەیە دەست پێ دەکات (کیکولی) مەشقدەری ئەسپەکان، لە ناوچەی میتانییەکانەوە بەم شێوازە دەدوێت، ئەو تێکستە ووشەکارییەکی زۆری (خورییەکان)ی تێدایە. بەم پێیە بێت دەگونجێت خورییەکان لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نزیکدا بەرپرسی بڵاوبوونەوەی هونەری ئەسپ سواری بووبن[95].

کە کاشییەکان بەشێوەیەکی فراوان ئەسپیان هێنا بۆ میسۆپۆتامیا لە کۆتاییەکانی هەزارەی دووەمی پێشی زایین، گرینگییەکی زۆریان بە ئەسپ و وەچەکانی داوە، ئەسپ هەر تەنها بەهایەکی بەرزی نەبوو بەڵکو ناو و ناوبانگ و ڕەچەڵەکیشی هەبوو، هەر وەکو ئەو دەقە مێخییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لە نیبور (نفر) دۆزراونەتەوە کە لیستێك بۆ ئەسپەکان کراوەتەوە لەگەڵ ناوەکانیان و ڕەچەڵەك و وەچەکانیشیان. هەموو ئەوانە دوپاتی ئەوە دەکەنەوە کە کاشییەکان تا چ ڕاددەیەك گرینگیان بە ئەسپ داوە، بەیەکەم نەتەوە دادەنرێن کە ئەسپیان بەکارهێنابێ لە میسۆپۆتامیا[96]. کە لەسەر رووی بەرد جۆرە گیانلەبەرێکی سەیری ئەفسانەییان لە شێوەی ئەسپ وەرگرتووە هەڵیانکەندووە، ئەم نەقشانە لەو ڕۆژگارەدا زۆر دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایی سەردەمی کاشیەکان[97].

ئەو شانازیە بۆ کاشییەکان دەگەڕێتەوە کە توانیان بەکارهێنانی ئاژەڵ و ئەسپ سواری بهێننە ناو ووڵات بەشێوەیەکی فراوان بڵاوەی پێبکەن لەناوچەکە[98]. دەرکەوتن و سەرهەڵدانی عارەبانە و ڕاکێشانی بەخێرایی بە ئەسپەکان و بەکارهێنانیان لە هونەری جەنگی، ئاڵوگۆڕی گوێدرێژ بە ئەسپ بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و پۆستە و شتومەك بە عارەبانە و ئەسپ کارەکەی ئاسانتر و خێراتر کردبوو[99]. هەروەها کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە گەشەسەندنی شێوەی ڕێکخستنی سوپا و هونەری جەنگ و جوڵەی خێرای هێزەکان و ئاسان هێرش بردن و پاشەکشەکردن[100].

## ث- بازرگانی:

بازرگانی میسۆپۆتامیا ناوبانگی جیهانی هەبوو. بە شێوەیەکی گشتی دووجۆر مامەڵەی بازرگانی لەلایەن بازرگانە میسۆپۆتامیەکانەوە ئەنجام دەدرا: بازرگانی دەرەکی لەگەڵ سەرزەمینە دوورەکان، و بازرگانی ناوخۆیی لەگەڵ

---

(93) هـ. و. ف. ساكز، المصدر السابق، ص 172.

(94) ویل دورانت، مێژووی شارستانیەت، و. عەبدوڵلا رەسووڵی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، (سلێمانی: 2014)، ب1، ل 389.

(95) مارك فان دی میرۆپ، سەرچاوەی پێشوو، ل 261.

(96) علی شحيلات، المصدر السابق، ج6، ص 84.

(97) ئی. م. دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل 176.

(98) ابراهيم احمد رزقانه، واخرون، حضارة مصر و الشرق القديم، مكتبة مصر، (مصر: د.ت)، ص 316.

(99) عبدالوهاب حميد رشيد، حضارة وادی الرافيدين و ميسوبوتاميا، دار المدى للثقافة و النشر، (سورية: 2004)، ص 68.

(100) محمود شاکر، سەرچاوەی پێشوو، ل 114.

شارەکاندا. بە شێوەیەکی گشتی هەردوو بازرگانیەکە پشکێکی گەورەیان هەبووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و پێوەرکانی ژیان لە میسپۆتامیا دا(101).

لە سەردەمی حوکومڕانی حامورابی، شاری (سبار)(102) وەك ناوەندێکی بازرگانی بوو(103). بەڵام دواتر ئەم گەشە بازرگانیە ڕووی لە کزی کرد، بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندییەوە،ووڵات کەوتە بەر هێرشی (عیلامیەکان، حیسیەکان، کاشیەکان) بەو هێرشە یەك بەدوای یەکانەوە ئەو جموجۆڵە بازرگانییە کەم بۆوە، لە هەمان کاتدا گۆڕا بۆ چالاکی بازرگانی تاکە کەسی دیاریکراو(104).

لەسەردەمی کاشیەکان بازرگانی بە خێراییەکی زۆرەوە پێشکەوت، دەستیانکرد بە بازرگانییەکی ڕێکخراو و درووست لە گەڵ میسر و شوێنەکانی تر، ئەوە پاڵنەرێکی گرینگ بوو بۆ ئەوەی پاشاکانی کاشییەکان هەڵسن بە چاککردنەوەی ڕێگاو بانی کاروانچییەکان و هەوڵی زۆر بدەن بۆ پاراستنی ڕێگاکان و کاروانچییەکان لە دز و ڕێگر(105).

بازرگانی دەرەکی تەنها کاریگەری لەسەر بواری ئابووری نەبوو بە تەنها؛ بەڵکو کاریگەری هەبوو لەسەر ئاڵوگۆڕی بنەما و ڕەهەندەکانی ژیار و شارستانێتی لەنێوان میسۆپۆتامیا و ئەو ووڵات و ناوچانەی کە پەیوەندیان هەبوو لەگەڵیان لەڕێی بازرگانی دەرەکییەوە. بازرگانی دەرەکی بەم جۆرە ڕۆڵی گرینگی هەبوو لەئاشنا بوونی شارستانێتی میسۆپۆتامیا بەچەندین شارستانێتی جیاوازی ترەوە(106).

بابلییەکان بۆ دابینکردنی کانزا و بەرد و تەنانەت داریش بۆ سەقفی بینا گەورەکانیان ناچار بوون پشت بە هاوردەنی ببەستن. پێگەی جوگرافیای بابل، لەگەڵ ڕێگەی بازرگانی ئاوی فورات لەلایەکەوە لە سوریاوە تێدەپەری و لەلایەکی دیکەوە دەگەیشتە کەنداوی عەرەب، ڕێگەی بەو سەرزەمینە دەدا زۆرێك لە پێداویستیەکانی خۆی لە ڕێگەی بازرگانیەوە بە دەست بهێنێت(107).

کاروانچیە بابلیەکان لەسەردەمی کاشییەکان دەگەیشتنە ناوەندەکانی بازرگانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کۆن، چالاکییە بازرگانییەکانی کاشییەکان ڕۆڵێکی گرینگیان هەبووە لە لای ڕۆژئاوا لە ووڵاتی میسۆپۆتامیا، لە نامەیەکی پاد شای کا شی (کاد شمان ئەنلیلی دووەم) بۆ پاد شای (حیسی) (حاتو سیلیس ی سێیەمی) ناردووە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تێدا داوای لێ دەکات بۆ بەدەستەوەدانی ئەو تاوانبارانەی کە هەندێك لە بازرگانە بابلیەکانیان کوشتووە

(101) یوسف مجید زادە، سەرچاوەی پێشوو، ب3، ل ل 377 -378.

(102) ئەم شارە دەکەوێتە ناوچەی یوسفیە بە دوری 45کم لە باشوری ڕۆژئاوای شاری بەغدایە. قحطان رشید صالح، الكشاف الأثر فی العراق، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر جامعة الموصل، ( بغداد: 1987)،ص 153.

(103) علي شحيلات، المصدر السابق، ج3، ص 121.

(104) واثق اسماعيل الصالحي ، المصدر السابق، ج3، ص ص 200- 201.

(105) ف. دياكوف، المصدر السابق، 106.

(106) عامر سليمان، العراق فی التاريخ القديم (موجز التاريخ الحضاری)، دار ابن الأثير للطباعة و النشر، (الموصل: 2010)، ج2، ص 238.

(107) یوسف مجید زادە، سەرچاوەی پێشوو، ب2، ل ل 99 – 100.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە كاتی گواستنەوەیان لە (ئامورو) بۆ (ئوغاریت)[108]. بەهەمان شێوە بازرگانەكان بۆ بازرگانی ئەو ڕێگایانەیان گرتۆتە بەر كە بە سوریا و فەڵەستین و میسرِدا تێدەپەڕێت[109].

نامەكانی (گردی عەمارنە) بەڵگەن لەسەر پاشاكانی كاشیەكان كە هەستیان بە گرینگی و پێویستی پارێزگاری كردن كرد بوو، لە ئاشتی و سەقامگیری و باش مامەڵەكردنی لەگەڵ سەرۆكی وڵاتانی دراوسێ، ئەوەش زیاتر سەرنجی دەورو بەری بۆ لای خۆی ڕاكێشا، بووە هۆی درو ست بوونی پەیوەندییەكی بازرگانی باش لە سەردەمی كا شییەكان دا، بۆ نموونە پاد شاكانی كا شییەكان بەردی گرانبەهایان وەك (لازورد) و (العقیق) یان پێ شكە شی فیرعەونی میسرِیەكان دەكرد، لەبەرامبەردا زێر و زیوویان وەردەگرت[110].

گرینگترین هاوردەكراوەكان لە سەردەمی كاشیەكان دا بریتی بووە: لە زێڕ و زیو و عاج (بڕە دوو ددانە درێژەكەی فیل) و(بەردی لازورد)، هەروەها كەل و پەلی دروستكراو لە دار و تەختەی ئەبەنوسی ڕازێنراوە بە زێڕ و عارەبانەی میسرِی. لەگەڵ (دیلمون)[111] ـیش بریتی بووە لە خورما و كانزاكان و مس، ئەو كەل و پەلانەی كە ڕەوانەی دەرەوەیان كردووە بریتی یە: لە شتی جوانكاری و ڕازاندنەوە و شتی چندراو [112].

108 شانشینی كەنعانیەكان بووە دەكەوێتە سەر كەناری دەریای ناوەڕاست لە سووریا. محمد الخطیب، مصر أیام الفراعنة، دار علاءالدین، ط6، (دمشق: 2007)، ص 144.

(109) عماد عبدالقادر المزوري، المصدر السابق، 78.

(110) سامی سعید الأحمد، المصدر السابق، ص 147.

(111) دوورگەی دیلمون دەكەوێتە (بەحرەینی ئێستا). مارك فان دی میرۆپ، سەرچاوەی پێشوو،ل 261.

(112) عماد عبدالقادر المزوري، المصدر السابق، 78.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## تەوەرەی پێنجەم: لایەنی هونەری کاشیەکان

### أ- هونەری بیناکاری

شوێنەوارناسان باوەڕیان وایە کە کاشیەکان ئەندازەیەکی نوێیان هێنا ناو دروستکردنی بیناکان، کە بریتی بوو لە دروستکردنی (تاق – قەوس) لە سەر شێوەی (ناڵی ئە سپ). پاد شاییانی کا شیەکان وەك (کاریندا‌ش و بورنابوریاش و کوریکالزوی یەکەم و دووەم) هەوڵیانداوە بۆ دروستکردنی شێوازێکی ئەندازەی بیناسازی تایبەت بەخۆیان، کە هەڵساون بە دروستکردنی ژمارەیەك پەرستگا و کۆشك لە هەموو شارە سۆمەریەکان وەکو ( ئور و ئەریدۆ و وەرکا...هتر)[113].

عبدالاله عبدالرزاق شارستانی کاشییەکان نوێکارییەکی تری بەخۆیەوە بینی لە دروستکردنی باڵاخانەی خاوەن ستوون وەك باڵاخانەکانی (حیسیەکان) لە (ئەنادۆل)، ئەو دیاردە نوێیەی لە باڵاخانەکانی کاشییەکان پێ دەچێ هەر فیکرەی ژینگەی کۆنی خۆیان بێت[114]. لە ڕووی دروستکردنی بیناوە، سەکۆی بەرزی لە قوڕ و بەرد دروستکراویان بەکارهێناوە، یان بناغەی خوارەوە، بەشێوەیەك پەرستگاکانیان وا دروستکردووە کە لەسەریەکەوە بەرز دەبێتەوە تا بەرزییەکی دیاری کراو، ئینجا بۆشاییەکان بە خشت پڕدەکرانەوە[115].

لە ناوەڕاستی چاخی کاشییەکاندا، لەلایەن پادشا ( کوریکالزوی یەکەم) شارێکی نوێ و گەورەی دروست کرد، لە دووری بیست میل لە ڕۆژئاوای مەڵبەندی شاری بەغداوە بەناوی(دور - کوریکالزو) کە پاشماوەکەی بە (عەگەرگوف) ناسراوە، لە پاڵ بابلدا بوو بە پایتەختی دووەمی شانشینی کاشی. هەروەها لەماوەی فەرمانڕەوایەتی (کوریکالزوی دووەم) سنوری شارەکەی فراوانتر کرد پەرستگا و زەقورەیەکی گەورەشی ناوەڕاستی شارەکە دروست کرد، ئەڵقەیەکی گرنگ بوو لە پێشکەوتنی زەقورەکاندا لە چاو سەرەتای دەرکەوتنیدا [116].

لێرەوە هونەری بینا سازی کا شیەکان لە سیماکانی ئەم شارە بۆمان دەردەکەوێت، کە نمونەی ئەندازەیەکی نوێیە لە بینا سازی دا لە ڕووکاری دەرەوە و نەخشەی بینایەکان[117]. هەروەها لە پێشی هەموو شیانەوە گەورەیی و ئە ستووری دیوارەکانی کۆشکەکان و پەرستگاکانی ناوشارەکە، کە نزیکەی سێ مەتر دەبوو و بەخشتی قەبارە گەورە دروست کرابوو. لەچەند بەشێکی ئەم کۆشکانە دا چەند نموونەیەکی گرینگ لە نەخشی بۆیە کراوی سەر دیوار دۆزراوەتەوە، ژمارەیەکیان لەسەر شێوەی مرۆڤ نەخشێندراون و گرینگی تایبەتی هەیە لەلایەنی پۆشاك و جلوبەرگەوە[118].

---

(113) محمود حسين الأمين، المصدر السابق، ص 534.
(114) عبدالعزيز صالح، الشرق الادنى القديم ( مصر و العراق)، مكتبة الأنجلو المصرية، (د.م: 2012)، ص 734.
(115) عبدالاله عبدالرزاق الجميلي، المصدر السابق، ص 68.
(116) جەماڵ ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل 100.
(117) محمود حسين الأمين، المصدر السابق، ص 534.
(118) تەها باقر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 228 – 229.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

یەکێکە لە گرینگترین شوێنەوارییەکان کە لەو شارە ماوەتەوە (زەقوورە)یە [119]. بەشێوەیەك کە پێکهاتبوو لە پێنج چینی خشــت، کە لە ڕووی دەرەوەی بە خشــتی برژاو (الآجر) ڕووپۆش کراوە، وە ڕووبەرەکەی (67.6 × 69 م)ە، بە چەند پایەیەك بەرز دەبۆوە بە شێوەیەك دابەزین و بەرزبوونەوەی هەبوو، زۆر لێژیش نەبوو بەهۆی زۆری پایەکانیەوە، بناغەکەی و تەواوی بەشەکانی لە خشتی پتەو و چاك درووست کراوە[120].

## ب- جوانکاری سەر دیوارەکان

لەلا یەنی هونەری دا هەگبەی کاشــییە کان ئەوە دەســەلمێنێ کە پێشــکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە لە ڕازاندنەوەی دیوارەکانی پەرستگاکان، کە شتەکانیان بەئاگر تواندۆتەوە و نەخشاندوویانە لە شێوەی خواوەندەکانیان بەدوای یەکدا، بە شێوەکاریەکی بەدەرەوە و بارز لەسەر دیوارەکان[121].

لەدەقەکاندا دەرکەوتووە کە پاشــاکانی کاشــییەکان هەڵســاوون بەڕازاندنەوە و جوانکاری ئەو کۆشــکانەی کە دروســتیانکردووە بە زێڕ و زیو و بەردی گرانبە ها، بەشــێوەیەك دەزانین کە لەوێ دوو کۆشــك هەبووە لە (دور - کوریکالزو) ئەو دوو کۆشکەش کۆشــکی مامز (أیکال أیالی- Egal- Lali) و کۆشــکی ئاژەڵی کێوی (ایکال أودوکورا- Egal- Udu- Kurra) چۆن ئەو دوو کۆشــکە ڕازێنراونەتەوە بە زێڕ و زیو و بەردی گرانبەها، بەتایبەت دەرگاکان و و مامزەکان و باڵندەکان، کەل و پەلە پیرۆزەکانیش کە لەو کۆشــکانە شــێوەیان کێشــراوە شــمشــێر و تیر و گۆچان، لە ناوچەی (دور - کوریکالزو) لە دور کوریکالزو لە کۆشکی پاشا سەرە گۆچانێك دۆزراوەتەوە، لەپارچە ماوەکانی کۆشکی سپی لە (دور - کوریکالزو) جوانکاری ئەندازەیی دەبینرێ لەگەڵ هەندێك نزا و پاڕانەوە لەسەر دیوارەکان و ڕێڕەوەکان. وە پیشاندانی شێوەی مرۆڤی ڕیشداری پرچ ڕەشی درێژی سوورەی گوێچکە درێژی چاو شێوە بادەمی دەست ناتەواو. کە هەموویان جلی درێژیان لەبەرە و ڕشتێنیان بە ستاوە و ملوانکە شیان لەملدایە کە شێوەیان گەورە دیارە و خاوەن دەســت و بازوون و لە کارمەندی کۆشــکی پاشــا دەچن کە بەرزی مێنەکان لەســەر دیوارەکان چوار پێ دەبێ لەســەر زەوییەوە[122].

چاکترین بەڵگە لە بواری جوانکاری کە لەلایەن کاشــییەکانەوە دروســتکراوە ئەو دیوارەیە کە لە شــاری (وەرکا) دۆزراوەتەوە، لەسـەردەمی فەرمانڕەوایی پادشـا (کارانداش) لە (1420پ.ز)، لە ڕازاندنەوەی دیوارەکان بە شـێوەیەك کاریان کردووە وەك شـێوەکار بە خشــت (الآجر) کە ئەوە بەشـێك بوە لە ڕازاندنەوەکان، هەر وەك بەشـێکیش بووە لە دروستکردنی پەیکەر و وێنەکان. ئەو جۆرە هونەرە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بووە لە سەردەمی بابلی نوێ، کە ئەو جۆرە جوانکاری و ڕازاندنەوە یان بە کارهێناوە لە شــە قامی (الموکب) هەروە ها لە دەرگای (عەشــتار)یش کراوە[123].

(119) بە مەودای 30 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای بەغداد زەقورەی شاری (دور کوریکالزو) هەیە کە پا شای کا شی (کوریکالزو) درو ستی کردووە لە دەوروبەری ســاڵی (1480پ.ز) کە تاوەرێکی بەپەیژەی تێدا دروســتکردووە کە ئەو پەیژەیە بەرزدەبۆوە بۆ لوتکەکەی لە ڕۆژانی جەژنەکان و ئاهەنگە فەرمییەکاندا دەچوونە سەرەوە. السید عبدالرزاق الحسینی، العراق قدیما و حدیثا، مطبعة العرفان، ط3، (صیدا: 1958)، ص 79.

(120) محمد بیومی مهران، المصدر السابق، ص 207.

(121) هـ.و.ف. ساکز، المصدر السابق، ص 163.

(122) سامی سعید الأحمد، المصدر السابق، ص 151.

(123) عبدالاله عبدالرزاق الجمیلی، المصدر السابق، ص 68.

ڕازاندنەوەكانیش بریتین لە كەسایەتی خواوەندەكان كە وەك پەیكەر لەناو دیوارەكان دانراوون[124]. هەموو پەیكەرەكان وەك ئەوەی ئاوێك لە شوێنێكی بەرزەوە بێتە خوارەوە (فوارە) خاوەن چەند خشتەیەكی ئاوی دەرپەڕیوە، وەك ئەوەی لەقەد پاڵی چیایەك دابێت، وە ئەو خواوەندە خواوەندی چیایە ، كە بەوە جیادەكرێتەوە شێوەی ڕازاوەییەكەی لە پولەكەی ماسی دەچێت، وە ئەو جوانكاری و ڕازاوەییە بەشێكی سەرەكی بینایەكەیە، وە دیمەنێكی شێوەكاری دەبەخشێ، وە جیاوازە لە نەخش و نیگارە ڕەنگاو ڕەنگە دروستكراوەكان كە سەرەكانیان چێندراوون لە دیوارەكانی پەرستگای (الوركاء) ئەوەش داهێنانێكی هونەری بیناسازیە كە ئەوە گوزارشتێكی تەواوە بۆ پێگەی بینا سازی و ئەندازە لە سەردەمی كا شییەكان، وە لەو جۆرە پەیكەرانە دۆزراونەتەوە لە هەریەك لە (أور) و (نفر) و (دور كوریكالزو) و (سوسە) [125].

## ت- كۆدۆرۆ (بەردی سنور) Kudurru

لەگەڵ كۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی حامورابی، پاد شا دیارنەما بە وە سفی (پێدەر و بەخشەری یا ساكان)، بەڵام ئەو كاتەی (الكودۆرۆ)ـــی كاشییەكان دۆزرایەوە كە بوونی كارگێڕییەكی شێوە سیستەمی دەرەبەگایەتی پیشاندەدا، بۆ كرداری ئاڵوگۆڕی خاوەندارێتی زەوی مانایەكی تەواو و ڕوون دەبەخشێ، كە لەسەردەمی بابلیەكۆنەكانیش پەیڕەودەكرا[126].

پێ دەچێ لە دیارترین دیاردەكانی لایەنی شارستانی لەسەردەمی كاشیدا ئەو بەردانە بێت كە هێمای تێدایە بۆ دیاریكردنی ئەو زەوی و زارە كشتوكاڵیانەی پێیان دەوت (كودۆرۆ). كە زۆرجار لە نەخشاندنی ئەملاولای ناكارامەیی پێوە دیارە، لە بنچینەشدا ئەم بەردانە بە تایبەتی بۆ ئەوە دروست كراون كە ببنە هێمایەكی جیاكەرەوە لە نێوان ئەو كێڵگە كشتوكاڵییانەی كە پادشا دابڕییكردووە بۆ گەورە فەرمانبەران یان بۆ پەرستگاكان، سەرباری ئەوەش زۆرجار ئەم بەردانە پەیوەست بوون بە چەند لایەنێكی تایبەتەوە بۆ نموونە وەك لادانی باج و سەرانە لەسەر ئەو زەویانەی دیارییان كردووە[127].

بەكارهێنانی بەردی جێگیركردنی سنوور بۆ موڵك و خانووبەرە، ئەو بەردانە لەشێوەی نەخشە لەسەر كێشراوبووینە، ڕووی سەرەوەی بریتی بوو لە وێنەی ئاماژەی خواوەندەكان بەمەبەستی پیرۆزی وە پاڵنەرێكیش بوو بۆ دەستگرتن بە دەقەكانی ئەو بەردانە، وەك ئاماژەی (خۆر) كە بە خودای (ڕۆژ) ناسراوە[128]. مانگیش ئاماژە بوو بۆ خودای (سین - مانگ)، پشتی بەردەكەش نیگاركێش كرابوو بە دەقێكی درێژ كە زانیاری سنووری زەوییە كشتوكاڵییەكە و ناوی خاوەنەكەی و ئەو شتانەی كە بەخشرابوو پێی ناوی گەواهیدەرەكانی تێدابوو[129]. هەروەها لە كۆتایی دەقەكەدا نەفرینی خواوەندەكان نوسرابوو لەسەر ئەوەی ئەو بەردە دەشكێنێت یان یاری بە دەقەكان دەكات. دانەیەك لەو

---

(124) چیمن عبدالله، المصدر السابق، ص 60.

(125) شریف یوسف، تاریخ فن العمارة العراقیة فی مختلف العصور، دار الرشید للنشر، (د.م: 1982)، ص 104.

(126) جون اوتس، المصدر السابق، ص 157.

(127) جەماڵ ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل 102.

(128) قیس حاتم هانی الجنابی، المصدر السابق، ص 144.

(129) تەها باقر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 230 -231 .

بەردانە وەك كۆپی لە پەرستگا دادەنرا لەگەڵ پێدانی دانەیەكی تر بە خاوەنەكانیان لە شێوەی تاتە قوڕین، ئەو بەردانە بۆ لێكۆلینەوەی نیزامی موڵكدارێتی و زەوی و نیزامی ئابووری بە شێوەیەكی گشتی سوودیان هەیە[130].

دوو جۆری سەرەكی هەیە لە بەردەكانی سنوور:

1 – بەردی سنووری شاهانە (خاوەندارێتی): ئەو بەخششانە بوون كە پاشاكان دەیاندا بە تاكەكان و گەورە فەرمانبەرەكان و سەركردەكانی سوپا و كاهینەكان و پەنابەران.

2 – بەردی سنووری گشتی: ئەو جۆرەیان لە شێوەی گرێبەستێكی ئاسایی وابووە لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگا بەبێ بوونی هیچ شتێكی پاشا تێیدا[131].

یەكێك لە پادشاكانی كاشیەكان میلیشیپاك (1174-1188پ.ز)، بەردەسنورێكی (كۆدۆرۆ) لەسەردەمی ئەودا دۆزراوەتەوە، كە تێدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە ئەم پادشایە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی كە هەیبووە بریاری داوە پارچە زەوییەكی كشتوكاڵی ببەخشێت بە كەسێك بەناوی ( خاسارودو كوڕی شومی) كە بەرپرسی ناوچەیەكە. زەوییەكەش دەكەوێتە نێوان ناوچەی (بیت پیر ئاموری و بە شێك لە شاری شالولونی). بەردە سنوورەكە شێوەیەكی چوارگۆشەیی هەیە بەڵام لووتكەكەی شێوەیەكی قووچەكی دەرپەریوی هەیە كە هێمای خواوەندەكانی لەسەر هەلكۆلدراوە، هەرچی دەقە مێخییەكانە ئەوا لەسەر ڕووە چوارگۆشەكە نووسراوە، بە جۆرێك كە هەر ستونێكی دەقەكە لەسەر ڕوویەكی بەردەكە نووسراوەتەوە. پاشان دەقەمێخییەكە باس لە پێوانە كردن و دیاریكردنی سنوورەكانی زەویەكە دەكات[132].

## ث- مۆری لولەی كاشیەكان

پیشەسازی دروستكردنی مۆری لولەیی لە میسۆپۆتامیا لەسەردەمی سۆمەرییەكان سەریهەڵدا، بەتایبەتی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی كاشیەكان لە شاری بابل پێشوازیەكی زۆریان لە كارەكە كرد، مۆری لولەیی بووە گرینگترین شت بۆ بازرگانی دەرەوەی بابل، ئەو مۆرە لولەییەی كە لە بابل دروستدەكرا خواستێكی زۆری لەسەر بوو لە لایەن (حیسیەكان) و فیرعەونەكانی نیشتیمانی نیل، خەڵك داوای مۆری لولەییان دەكرد وە چەند مانگ چاوەڕوانیان دەكرد[133]. لەسەردەمی ئەواندا بە زۆری پیشەسازییەكە لە جۆرە بەردێكی گرانبەها بوو، كە پێی دەگوترێ (الیشب) سەرەتا پیشەسازییەكە بە بەردی (العقیق الیمانی) دەستی پێكرد بوو، پاشان پیشەسازی ئاسنیش هاتە ناو میسۆپۆتامیا لە نیوەی كۆتایی سەردەمی كاشییەكان[134].

مۆری لولەیی لەسەردەمی كاشییەكان هەندێك تایبەتمەندی تایبەت بە كاشییەكانی وەرگرت، كە بەشێوەیەكی درێژ بوو لەسەرەوە بۆ خوارەوەی مۆرەكە، هەندێكیان ڕازاوەی ئەندازیاریان پێوە بوو لە شێوەی سێگۆشە وە سەرەكەی

(130) محمود شاكر، سەرچاوەی پێشوو، ل 115.

(131) هديب حياوي غزالة، أحجار الحدود البابلية (كدورو) أهميتها الحضارية و الفنية، مجلة الاتحاد العالم للأثاريين العرب،العدد الخامس، 2004، ص ص 284- 285.

(132) ئارام جەلال هەمەوەندی، خوێندنەوە و شیكردنەوەی دەقە مێخییەكانی سەر بەردەسنورێكی (كۆدۆررۆ)ی تایبەت بە مەلیك (میلی شیپاك)ی كاشییەكان (1188-1174پ.ز)، سوبارتۆ، ژمارە( 6+7)، (ب.ش: 2013)، ل 27.

(133) محمود حسين الأمين، المصدر السابق، ص 537.

(134) عبدالعزيز صالح، المصدر السابق، ص 731.

داپۆشـرابوو، بە تۆڕێك هەندێك ڕسـمی لەسـەر دیاربوو، کە لە مۆرەکانی پێشـتر دا نەبوو، وێنەی ئاژەڵان بۆ یەکەم جار بوو هاتە ناو ئەو هونەرە وەك ڕازاندنەوە و نەخشـــاندن وە لە نێوان ئاژەڵانیش ئەســـپ کە ئاژەڵێکی تایبەت بوو بە کاشـــییەکان[135]. بۆ دروســـت کردنی ئەم جۆرە مۆرانە پەپکەی خولاوە بەکار دەهات بۆ دروســـتکردن و هەڵکۆڵینی بابەتەکانی سەر ڕووی مۆرە لوولەییەکان، ئەم ئامێرەش بریتییە لە پەپکەیەك کە بەخێراییەکی زۆر دەخولێتەوە بەردی مۆرەکەی لێ نزیك دەکرێتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی کە نەخشـــەی یان پلانی ئەو وێنانەی کە دەمانەوێت هەڵیکۆڵین لەسەر ڕووی مۆرەکە دیاری دەکرا[136].

شێوازەکانی مۆری لولەیی تایبەتە بە سەردەمی کاشییەکان ، بریتی یە لە سێ قۆناغ:

قۆناغی یەکەم: بریتییە لە دەرکەوتنی ئاماژە و نیشـانە بەشـێوازی جیاواز وەك چاو و خاچی کاشـییەکان و ئاژەڵی شاخدار و گوڵ...هتر، سادەترین جۆر و شێوەی مۆر لەو قۆناغە ئەوە بوو کە شێوەکەی پێکهاتبوو لە دیمەنی کە سێك یان یەك خواوەند دەستەکانی بەرز کردبۆوە بۆ خوا پەرستی لەگەڵ دەقێکی درێژ بە نوسینی مسماری. قۆناغی دووەم: شێوەی مۆرەکانی ئەو قۆناغە جیاوازە لە شێوەی مۆرەکانی قۆناغی یەکەم لە ڕووی بابەت و شێوازی هونەری، ئەوەی دەبینرێ دار و ئاژەڵ و ئاژەڵی ئەفسانەیی و پاڵەوان و دیمەنی ئاینییە.قۆناغی سێیەم: مێژووی ئەو مۆرانە لە سەدەی سێزدەهەمی پێش زایین دە ست پێدەکات کە بەردەوام بوو تا دوای سەردەمی کا شییەکانیش، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە مۆرەکانی ئەو قۆناغەیە کە دیمەنەکانی هەڵکەندراون بە شـێوەیەکی سـادە بە بەکارهێنانی هێڵکاری زۆر لەلاشـەی ئاژەڵ و شـتی تردا. دیمەنەکانی ئەو مۆرانە پێکهاتووە لە داری ژیان لە نێوان دوو ئاژەڵ کە بازیانداوە بۆی، کاریگەری ئاشووری لەو مۆرانە دەبینرێ لە ڕووی بابەتی و شێوازەوە[137].

## ج- هونەری شێوەکاری

هەندێك لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی کا شییەکان لە هونەری شێوەکاری بریتییە لە پڕ کرنەوەی بۆ شایی ناو شێوە نەخشـێنراوەکان و نیگارە کێشـراوەکان بە نووسـین، هەروەك لە پەیکەری خواوەندی (عەشـتار) [138] دەردەکەوێ کە لەبەردی کلس دروستکراوە[139].

لە کۆتاییەکانی سـەردەمی کاشـییەکان گۆڕانێکی باش لەبواری وێنەی سـەر دیوارەکان ڕوویدا، بە جۆرێك وێنەی هەندێك کەســایەتی دەرکەوت کە جیاوازە لە وێنەکانی ســەردەمەکانی تر، لە شــاری (دور کوریکالزو) هەندێك وێنە

(135) محمود حسين الأمين، المصدر السابق، ص 537.

(136) زریان ئەحمەد نانەکەلی، پوختەیەك لە مێژووی شـارسـتانیەتەکان( سـۆمەر و ئیسـلام و ئەمریکا )، نووسـینگەی تەفسـیر، (هەولێر: 2018)، ل 70.

(137) صبحى انور، تاريخ الفن في العراق القديم، د.ط، (لبنان: 1969)، ج1، ص ص 97-98.

(138) ئەم خواوەندە لەنێو سـەرجەم خواوەندەکانی میسـۆپۆتامیا پەرسـتراوە و لە هەموویان بڵاوتربووە، بە خواوەندیی خۆشـەویسـتی ناوبانگی دەرکردووە، بە خواوەندی جەنگیش دانراوە، ئەو خواوەندە لە بەیانیان وەك پەرستراوێکی نێر بووە، شەویش وەك پەرستراوێکی مێ بووە، هێماکە شی گوڵێك بووە لە هەندێك تێکست بەکچی ئانۆ و لە هەندێکی تریش بە کچی سین ناسراوە، ئەو خوشکی خواوەند شەمشە، لە هەمان کاتیشدا خوشکی ئیر شکیگال بووە کە پەرستراوی دونیای خوارەوە بووە. ئەحمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل 438.

(139) محمود حسين الأمين، المصدر السابق، ص 535.

بەدەرکەوتووە کە دیوارەکانی ناوەوەی یەکێك لەهۆڵەکانی کۆشکی شاهانەی پێ ڕازێنراوەتەوە ئەو وێنانەش بە بۆیەی ڕەنگا و ڕەنگ کراوە، بەشـێوەیەك کە بابەتە ئەندازەییەکانی لە خۆگرتووە، وێنەکان وێنەی هەندێك پیاون کە کڵاوێکی شـێوە لولەییان لەســەرە و قژیان ڕەشــە و ڕەنگی ڕوخســاریان ســوورە، کە ئەوانەی لەوێنەی ســەر دیوارەکان دەردەکەون[140].

نیگارکێش و شـێوەکارە کاشـییەکان پشـتیان دەبەسـتا بە کاری جوان و شـێوازی هونەری کۆن، هەندێك جاریش کاریگەربوون بە هونەری وولآتانی دراوسێ وەك (حیسیەکان و میسرییەکان). ئەو شوێنەوارانەی تری کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە پێشکەوتنی هونەری لە سەردەمی بابلییەکانی ناوەڕاست ئەوەیە جوانکاری قوری زۆر دۆزراوەتەوە لە زۆرێك لە شوێنەکان لەو سـەردەمە، وە بەهەمان شـێوە مۆرە لولەییەکان، و وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی سـەردیوارەکان کە لەسەر دیواری کۆشکەکانی دور کوریکالزو دا بوونیان هەیە[141].

## دەرئەنجام

(140) چیمن عبدالله ، المصدر السابق، ص 65.

(141) علی شحیلات، المصدر السابق، ج6، ص 286.

دوای ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکرێت دەرئەنجامەکانی لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو:

1- وا دادەنرێت زمانی کاشـــیەکان زمانێکی دوورە پەرێز و دابڕاو بووبێت، واتە تێکەڵاوی کەم بووە لەگەڵ زمانەکانی دیکە. تاوەکو ئێستا نازانین چ زمانێکی تایبەتیان بەکارهێناوە بۆ نووسین و ناساندنی زمانی دایکیان.

2- ســەردەمی کاشــییەکان بەســەردەمی کۆکردنەوە و ڕێکخســتنی کەلەپووری ئەدەبی دێت کە کۆکراوەتەوە لە بازنەیەکی فراوان لەسەردەمی بابلیە کۆنەکان.

3- لەڕووی ئابوورییەوە کاشـــییەکان بەو پێیەی کە لە بەڵگەنامەکانەوە دەرکەوتووە میانڕەو و نەرم بووینە. لەسەردەمی کاشییەکان هەندێك لەشارەکان بوونە خاوەن کەرتی کشتوکاڵی فراوان، هەروەها بازرگانی بە خێراییەکی زۆرەوە پێشکەوت، دەستیانکرد بە بازرگانییەکی ڕێکخراو و درووست لە گەڵ میسڕ و شوێنەکانی تر.

4- کاشــییەکان بەشـێوەیەکی فراوان ئەســپیان هێنا بۆ میســۆپۆتامیا لە کۆتاییەکانی هەزارەی دووەمی پێشــی زایین، گرینگییەکی زۆریان بە ئەسپ و وەچەکانی داوە، هەر وەکو ئەو دەقە مێخیەیانە ئەوە دووپات دەکەنەوە.

5- لە دیارترین دیاردەکانی لایەنی شارستانی لەسەردەمی کاشیدا ئەو هێمایەیە، کە لەبەرد دروست کرابوون بۆ دیاریکردنی ئەو زەوی و زارە کشتوکاڵیانەی پێیان دەوت (کودۆرۆ).

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردیەکان:**



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

1. ئارام جەلال هەمەوەندی، خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقە مێخییەکانی سەر بەردەسنورێکی (کۆدۆررۆ)ی تایبەت بە مەلیك (میلی شیپاك)ی کاشییەکان (1174-1188پ.ز)، سوبارتۆ، ژمارە( 7+6)، (ب.ش: 2013).
2. ئەحمەد ئەمین سەلیم، مێژووی کۆنی میسر و عێراق، و. فەیسەڵ خەلیل، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ( هەولێر: 2014).
3. یوسف مجید زادە، مێژووی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا، و. سەمیر حسێن، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، (سلێمانی: 2012)، بەرگی 1، 2، 3.
4. ئی. م. دیاکونوف، میدیا، و. بورهان قانع، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ[3]، (هەولێر: 2008).
5. تەها باقر، سەرەتایەك بۆ مێژووی شارستانییە دێرینەکان، و.عوسمان عەزیز عەللاف – ئەفراسیاب ڕەشید کەریم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، (سلێمانی: 2018)، ب1.
6. جەمال ڕەشید ئەحمەد، فەوزی رشید، مێژووی کۆنی کورد، و.ملکۆ کەلاری ، ناوەندی رۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چ[3]، (سلێمانی: 2013).
7. حەبیبوڵلای تابانی، هاونەتەوەی قەومی کورد و ماد، و. جەلیل گادانی، چاپخانەی تیشك، (سلێمانی: 2004).
8. محەممەد ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ئامادەکردنی. ڕەفیق ساڵح، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ژین، (سلێمانی: 2006).
9. رشید شێخ عبدالرحمن، مێژووی زاگرۆس، چابخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر: 2001).
10. ڕۆمەن گیرشمەن، مێژووی ئێران لە سەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام، و.سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، (سلێمانی: 2013).
11. زریان ئەحمەد نانەکەلی، پوختەیەك لە مێژووی شارستانیەتەکان( سۆمەر و ئیسلام و ئەمریکا )، نووسینگەی تەفسیر، (هەولێر: 2018).
12. شاخەوان فایەق ئەلیاسی، مێژووی نەتەوە کۆنەکانی کوردستان، چابخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیر، (هەولێر: 2008).
13. مارك فان دی میرۆپ، مێژووی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن دەوروبەری 323-3000پ.ز، و.عەلی نادر، چاپخانەی تاران، ( سلێمانی: 2018).
14. محمود شاکر، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان، و. نهاد جلال حبیب الله، چاپەمەنی گەنج، (ب.ش: 2011)، ب[1].
15. محەمەد مەحموود مەندەلاوی، مێژووی شارستانیەتی کورد، دار المعرفة، چ[2]، (لبنان: 2012).
16. ویل دورانت، مێژووی شارستانیەت، و. عەبدوڵلا رەسووڵی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، (سلێمانی: 2014)، ب[1].

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

1. ابراهیم احمد رزقانە، واخرون، حضارة مصر و الشرق القدیم، مکتبة مصر، (مصر: بدون سنة).

2. احمد فخرى، دراسات فى تاريخ الشرق القديم ( مصر و العراق – سوريا- اليمن- ايران) مختارات من الوثائق التاريخية، مكتبة الأنجلو المصرية، ط2 ، (مصر: بدون سنة).
3. برهان الدين دلو، حضارة مصر و العراق (التاريخ الاقتصادى – الاجتماعى الثقافى و السياسى)، ط2، دار الفارابى، (لبنان: 2014).
4. جمال رشيد أحمد، ظهور الكورد فى التاريخ (دراسة شاملة عن خلفية الأمة الكوردية و مهدها)، دار ئاراس للطباعة و النشر، ط2، (اربيل: 2005)، ج1.
5. جورج رو ، العراق القديم، ت.حسين علوان حسين، دار الشؤون الثقافية العامة، (بغداد: بدون سنة).
6. جون اوتس، بابل التاريخ المصور، ت.سمير عبدالرحيم الجلبى، دار الشوؤن الثقافة العامة، (د.م: 1990).
7. چيمن عبدالله عمر، فن العمارة فى العصر الكاشى، رسالة ماجستر غير منشورة، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، (اربيل: 2008).
8. چين بوترو، واخرون، الشرق الأدنى الحضارات المبكرة، ت. عامر سليمان، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر، ( جامعة الموصل: 1986).
9. حلمى محروس اسماعيل، الشرق العربى القديم و حضاراتة (بلاد مابين النهرين و الشام و الجزيرة العربية القديمة، مؤسسة شباب الجامعة، (الأسكندرية: 1997).
10. خليل سعيد، معالم من حضاره وادى الرافدين، منشورات كلية الاداب و العلوم الإنسانية بالدار البيضاء(2)، مطبعة النجاح الجديد،(د.م: 1984).
11. سامى سعيد الأحمد، الادارة ونظام الحكم، حضارة العراق، دار الجيل، ( بغداد: 1985)، ج2
12. سامى سعيد الأحمد، فتره العصر الكاشي، مجلة سومر، ج1+2،(د.م: 1983)، م39.
13. السيد عبدالرزاق الحسينى، العراق قديما و حديثا، مطبعة الحرفان، ط3، (صيدا: 1958).
14. شريف يوسف، تاريخ فن العمارة العراقية فى مختلف العصور، دار الرشيد للنشر، (د.م: 1982).
15. صبحى انور، تاريخ الفن في العراق القديم، ج1، د.ط، (لبنان: 1969).
16. طعمه وهيب خزعل، المملكة الاشورية من عصر القوة إلى الانهيار 722-610ق.م، مجلة التراث العلمي العربى، عدد الثانى، (جامعة تكريت: 2015).
17. عامر سليمان، العراق فى التاريخ القديم (موجز التاريخ الحضارى)، دار ابن الأثير للطباعة و النشر، (الوصل: 2010)، ج2.
18. عامر سليمان، العراق فى التاريخ القديم (موجز التاريخ السيا سى)، دار ابن الأثير للطباعة و النشر، (المو صل: 2010)، ج1.
19. عامر سليمان، القانون فى العراق القديم ( دراسة تاريخية قانونية مقارنة)، دار الشؤون الثقافية العامة، ط2، (بغداد: 1987).
20. عبدالاله عبدالرزاق الجميلى، نتائج أعمال الصيانه و التحريات و التنقيب (فى زقورة عقرقوف)، مجلة سومر، ج1+2، (د.م: 1971)، م 27.
21. عبدالعزيز صالح، الشرق الادنى القديم ( مصر و العراق)، مكتبة الأنجلو المصرية، (د.م: 2012).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

22. عبدالوهاب حميد رشيد، حضارة وادى الرافيدين ميزوبوتاميا، دار المدى للثقافة و النشر، (سورية: 2004).

23. على شـحيلات، عبدالعزيز الياس الحمدانى، مختصـر تاريخ العراق، دار الكتب العلميه، (بيروت: 2012)، ج3، ج6.

24. عماد عبدالقادر المزورى، الكاشيون 1595-1162پ.ز(دراسة سياسة حضارية)، رسالة ماجستر غير منشورة، لكلية الاداب، جامعة صلاح الدين، (اربيل: 2002).

25. ف.دياكوف، الحضـارات القديمه، ت.نسـيم واكيم اليازجى، منشـورات دار علاء الدين، ط2، (دمشـق: 2006)، ج1.

26. ف.فون زودن، مدخل الى حضـارات الشـرق القديم، ت. فاروق اسـماعيل، دار المدى للثقافة والنشـر، (سـورية: 2003).

27. فاروق ناصر الراوي، العلوم و المعارف، حضاره العراق، دار الجيل، ( بغداد: 1985)، ج2

28. فا ضل عبدالواحد علي، المعتقدات الدينية، مو سوعة المو صل الحضارية، دار الكتب للطباعة والنشر، (جامعة الموصل: 1991)، مج1.

29. قحطان رشيد صالح، الكشاف الأثري فى العراق، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر جامعة المو صل، ( بغداد: 1987).

30. قيس حاتم هانى الجنابى، تاريخ الشرق الأدنى القديم، دار صفاء للنشر و التوزيع، (عمان:2012).

31. محمد الخطيب، مصر أيام الفراعنة، دار علاءالدين، ط6، (دمشق: 2007).

32. محمد بيومى مهران، المدن الكبرى فى مصـر و الشـرق الأدنى القديم،ج2، دار المعرفه الجامعيه، (مصـر: بدون سنة)

33. محمد حرب فرزات، عيد مرعى، دول و حضـارات فى الشـرق العربى القديم، دار طلاس للدراسـات و الترجمة والنشر، ط2، (دمشق: 1994).

34. محمد على سـعدالله، دراسـات فى تاريخ الشـرق الأدنى القديم (العراق – سـورية – اسـيا الصـغرى) دراسـة تاريخية و حضارية، دار المعرفة الجامعة، (د.م: 2003).

35. محمود حســين الامين، الكاشــيون(1530 – 1160پ.ز)، مجلة كلية الاداب جامعة بغداد، العدد الســادس، مطبعة العانى، (بغداد: 1963).

36. هـ. و. ف. ساكز، البابليون، ت. سعيد الغانمى، دار الكتاب الجيد المتحدة، (لبنان: 2009).

37. هارى ساكز، عظمة بابل، ت.عامر سليمان، (بغداد: 1979).

38. هديب حياوي غزالة، أحجار الحدود البابلية (كدورو) أهميتها الحضــارية و الفنية، مجلة الاتحاد العالم للأثاريين العرب،العدد الخامس، 2004.

39. هيا على جاسم ال ثانى، الخليج العربي فى عصور ما قبل التاريخ(صلات دلمون بامورو و بالاموريين)، مركز الكتاب للنشر، (مصر: 1997).

40. واثق اسماعيل الصالحي، العمارة في العصرين السلوقي و الفرثي، حضارة العراق، دار الحرية للطباعة، (بغداد: 1985)، ج3

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1. . Pinches, The Language of the Kassites, The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, 1917.
2. Arnauad Fournet, The Kassite Language in a Comparative perspective with Hurrian and Urartean, The Macro Journal, vole 2, No.1.
3. Arnauad Fournet, The names of Kassite Kings, The Macro- Comparative Journal, Vol. 3, No. 2.
4. H. F. Helmolt, The History of World (A Survey of Man's Record), New York, Dodd, Mead and Company, 1903, Vol. III.